Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

# ڕەنگدانەوەی پەروەردە لە گوزارشتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا
# (کۆمێنتە پێکەنینهێنەرە ختووکەدەرەکان گریاندمیان)

**پ.ی.م. بێستون ئەبوبەکر عەلی**
Bestoon.ali@universul.edu.iq
**کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی کوردیی/ زانکۆی سلێمانی**

**پێشەکی:**
بە ناویی ئەو کەسەیی کە یادکردنەوەیی ئەو بە دڵ، یان زمان بێت، دەبێتە هۆی نزیکیی زیادتریی ئەو لە ئێمەوە. مەبەست ئەوەیە، زۆربەی کات هەر زمانە، کەسە دوورەکان لە یەکتریی نزیکدەکاتەوەو بەپێچەوانەوەیشەوە، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا، زمان ڕۆڵی زۆر هەیە. واتە زمان پەرەدەیە، یان تویژو پەردەیی کەسایەتی تا ڕادەیەکی باش دەردەخات، هاوشان پەروەردەو ناپەروەردەیی کەسەکانیش تا ڕادەیەکی باش دەخاتەڕوو، ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە. **یەکەم بەش: بۆ لایەنی** لایەنی تیۆرییو پەسنکردنە، وەک: پەروەردەو زانستی زمانی پەروەردەو مێژووی زانستەکەو کۆمێنتی[1] تەرخانکراوە، فەیسبووکیش بە کورتی باسکراوە. **دووەم بەش**: پێتە جیاوازەکانی وشەی پەروەردە، کە مەبەستێتی دژەکان لە ناو ناخی کەسەکاندا هەیە، بۆ سوودی تاکو کۆمەڵ نەکاریبهێنتەوە، لە ڕوانگەی کلتوریی کوردییەوە بە پێی پێویستی توێژینەوەکە شیکراونەتەوەو وەک تیۆرییەک کۆمێنتەکانیی گوزارشتیکیی فەرمی ناو فەیسبووک پێشیکراوەتەوە، لە ڕوانگەی زانستی زمانی پەروەردەییەوە شیکردنەوەکانیان بۆ کراوە. لە کۆتاییشیدا، ئەنجام، سەرچاوەکان، پوختەی توێژینەو پاشکۆیەک، کە جۆریی کۆمێنتەکانی تێدا جیاکراوەتەوە دانراوە.
**وشەسەرەکییەکان: (زانستی زمانی پەروەردەیی، تۆڕی کۆمەڵایەتیی، کۆمێنت: دانانی ئیمۆجیی)**

**المُسْتَخْلَص**
إن اللغة، عبارة عن وسيلة إيصال كلا جناحي الفكر والرأي بين الناس للتعبير عن أفكارهم وآرائهم، حيث تشمل جوهر الأفراد التربوي أيضا. تتحدث الدراسة حول "**انعكاس التربية على تعبيرات الشبكات الاجتماعية (التعليقات المضحكة المدغدغة أبكتني)**"، كونها دراسة يتم البحث فيها من منظور اللسانيات التربوية. وبما أن اللغة والكتابة بشكل عام والتعليق بشكل خاص تتطلبان التربية، فإن أبسط تعريفها هو: التحدث والعمل والكتابة، في المكان والزمان المناسبين. وأن الأسئلة التي يتعين الإجابة عليها هي: هل تلعب الشبكات الاجتماعية دورًا في تجاوز حدود تربية الفرد؟ إلى أي مدى نشعر بالانحراف اللغوي عن القيم التربوية؟ ولماذا كانت كذلك؟ إلى أي مدى انعكست المشاعر والأعمال فضلا عن نسبة تلكم المشاعر على الشبكات الاجتماعية؟ وهل لعبت دورها على الانحراف التربوي للأفراد في كتاباتهم على هذه الشبكات؟ وتتكون الدراسة من قسمين رئيسين حيث يُخصَّص القسم الأول منها للتربية، وعلم اللسانيات التربوية، وعلاقاتها باللغة. أما القسم الثاني فيسلط الضوء على الجانب العملي، حيث يُستعان بمنشور رسمي صادر عن (وزير الكهرباء)، بالإضافة إلى التعليقات غير الرسمية المنشورة على الفيسبوك، والتي تم تحليلها وكتابتها في ضوء مبادئ مصطلح التربية حيث استخدم كجانب نظري، وتمت فيها دراسة واضحة على التعليقات. لذا، تحاول الدراسة بشكل أدق ومن خلال منشورات الفيسبوك بما في ذلك العبارات -التعليقات- المكتوبة لها، أن تظهر بدورها الانعكاس التربوي عليها، ثم يتم بعد ذلك تحليل نسبة التعبير وإحصائيات محتوى التعبيرات بواسطة اللسانيات التربوية.
وأن إحدى نتائجها هي: أن الكتابة جزء من التفكير البطيء وجانب من الجوانب التعليمية -التربوية- للأفراد والتغيرات الاجتماعية في العصر التي تعكس مجال التفكير والتعليم، حيث نرى فيه جانبا سلبيا من علم النفس الفردي ونوعا من التفريغ النفسي، الذي اكتظ اللغة الكوردية عن آخرها وشوهها بكلمات بذيئة وإهانات رديئة لمواجهة القمع الذي عاناها سنوات وسنوات.

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

## 1. کۆباسێك لە سەر پەروەردە لە گۆشەنیگای زمانەوە

لە زمانی کوردیدا وشەی پەروەردە، وشەیەکی خۆماڵیی تەواو کوردییەو وشەی {پەروەر}یش، بۆ ناوی تۆخمی نێرو مێ بەکاردێت، کە بە واتای خۆشەوستیو لایەنگرییو... دێت. تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکیش، وەک تاقیگەیی مرۆیی پەروەردەیی کۆمەڵایەتییە، ڕەنگدانەوەیی پەروەردەو دۆخی دەروونی خەڵکی تێدا ڕەنگدەداتەوە. وشەی{پەروەردە}، دەکرێت لە وشەی ناوی کرداریی {پەروەرێن}ەوە، هاتبێت، کە بەواتایی دروستکەرو چاودێرکەر دێت.

لە ناوەڕۆکی وشەی {پەروەر: نیشتیمان + پەروەر}دا کە دەکرێت لە وشەی (ڕێنموونیو دروستکردن، چاودێریکردن، پێگەیاندن، فێربوون، فێرکردنو خزمەتکردن، خۆشەویستی، گەشەکردنی ناخی تاکە کەسی تێدایە. پەروەردە کۆکاری ڕەوشتە دەروونیەکانو کردارییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە. لە ناو وشەی پەروەردە کەسی یەکەمی پەروەردەکارو کەسی دووەمی پەروردەکراو و ڕێکخستنی شێوازی کرداریی دیارو نادیاری مرۆڤ دەبینرێتەوە.

پەروەردە لە ڕوانگەی ئایینەوە، کە سەرەتایی پەروەردەیی مرۆییە، بۆ باوکە (ئادەم) دایکە (حەوا)مان (درودخوای گەورە لە سەریان بێت)وەک یەکەم {ئادەم}ی، دەگەڕێتەوە، کە ئافەریدە کراون، لە خاکو ئاوەوە بە خۆشەویستیو زانستەوە شێلراونوخولقێنراون. خاکیش تۆوی تێدا دەنێژرێتو ئاو دەبارێت بەسەریدا شیندەبێتەوە، تۆوی چێنراو هەر چی (گەنم/جۆ...) بێت، خاک ئەوەمان بۆ سەوز دەکاتەوە، وەک پێشینان دەفەرموون: (چی بچێنیت ئەوە دەدوریتەوە). کەواتە خاک چیٚ تێدا بچێنیت بە زیادترەوە پێتدەداتەوەو خیانەتت لێناکاتەوە گەنم بچنێت جۆ سەوز نابێتو گەنم سەوز دەبێت، پەروەردەیش نزیکە لە ئەم نموونەیەوە. مرۆڤی خاکیش، واتە وەک خاکەو واباشە هەمیشە بە چاکە وەڵامبداتەوەو ڕوونمای پەروەردە لە خۆیدا دەربخاتەوە.

پاشان خوای گەورە ناویفێری (ئادەم د.خ)کرد، کە ناویفێرکرد تاقیکردەوە، لە تاقیکردنەوە دەرچوو، ئەو کات ڕێزیلێنراو کڕنووشی ڕێزیشی بە فەرمانی خوای گەورە بۆ براوە. واتە ئادەم فێرکراوەو پەروەردەکراوە ئەو کات تاقیکراوەتەوە. کەواتە وشەی پەروەردە، مەرجی فێربوون/ فێرکردنیش دەگرێتەوەو لە فێربووندا دەرچوون هەیە، لە پەروەردەدا لە سنوور لابدەیت ئەو کات کەوتنیش هەیە، لێرەدا (ئادەم) سەرەتا ئەزموونی سەرکەوتنی کردووەو بەسەر دۆخەکەدا زاڵبووە.

پاشان خوای گەورە کە سنووری پەروەردەییو فێربوونی گوێڕایەڵی بۆ (ئادەم: د.خ) داناوە، کە لە دارێك نەخوات، بەڵام (ئادەمو حەوا :د.خ) ستەمیان لە خۆیان کردو بە هاوکاریی دەروونی خۆیانو هەڵبژاردنو بۆ مانەوەی هەتا هەتایی لە ئەو شوێنەدا، بە فریوودانی شەیتانیش، سنوریان بەزاندو لە تاقیکردنەوەدا بە هۆی هەڵبژاردنی ناڕاستەوە کەوتوونو جلوبەرگیان لە بەردا نەماو بە گەڵا خۆیان داپۆشیو دانیانبەهەڵەکەداناو گوتیان: "خوایەگیان ستەممان لە دەروونی خۆمان کردووە"، پاشان داوای لێخۆشبوونیانکرد، خوای گەورەیش بەخشینی. وەک دەبینین لە پەروەردەیی ئاییندا داننان بەهەڵە مەرجی بەخشینی لەگەڵدابووە، بەڵام (شەیتان) دانیبەهەڵەکەیدا نەناو سوربوو، نەبەخشراوە. مەگەر ئێستایش بە هۆی هەڵبژاردنی هەڵەوە مرۆڤ لە بواری ئاخاوتنو کرداردا ناکەوێتەوە هەڵەوە، بەڵێ ئێستا وەک پێشوو وایەو هەڵەکان بە هۆی هەڵبژاردنی هەڵەوە دووبارە دەبێتەوە. لێرەوەیە ڕۆڵی پەروەردەیی ئایینو هەڵبژاردنی هەڵەو ئاخاوتنی هەڵە لە ناو بەرنامەی پەوەردەدا بە جێگەی مشتومڕ بووە، (شەیتان) بە هۆی خۆبەگەورە زانییەوە لە سنوری پەروەردە دەرچوو، لە خۆبەزلزانین پەشیمان نەبوویەوە، (ئادەمو حەوایش د.خ) بە داننان بە هەڵەو پەشیمانی لە کردارەکەیان پەروەردەیی خۆیانیان کردەوەو پەشیمان بوونەوە، لێرەوەیە پەروەردە سنووری پەیداکردو مانەوەو دەرچوون لە سنوریی پەروەردە هاتەئاراوەو پاشان جگە لە ئایین، بیرکردنەوەی مرۆڤیش بە کاریگەریی ئایین بە شێوەی زانستی بەرنامەو ڕێبازو تیۆریی پەروەردەیان داناوەو ماوەیەکیان بە ساڵو مانگو ڕۆژ بۆ بواری پەروەردە بە زانستی سەردەم ڕێکخستووە، کە ئەم ماوەیە لە بواری پەروەردەدا بە شێکی زۆری بۆ پەروەردەو ڕامهێنانە بۆ ژیانکردن وەک: پشتبەخۆبەستن، بەکۆمەڵایەتبوون، چوونەڕیزەوە، گوێگرتن، قسەکردن بە بیرکردنەوە، ڕێزگرتن، تێکەڵاویکردن، بەهافێربوون و...هتد، بەشێکی تر بۆ فێربوونی خوێندنو خویندنەوەو زانستەکان تەرخانکراوە، تا توانای خودەکان لە بواری پیشەو زانستدا بدۆزرێتەوە.

**1) زاراوەی پەروەردەو فەلسەفەی پەروەردە لە ڕوانگەی زانستیی زمانەوە**

فەلسەفەی نوێ لە چەند پرسیارێکدا پوختەکراوەتەوە کە بەچییەوە خەریکە، پوختەی پرسیارەکانیشی ئەمانەن: ژیان (واقیع) چییە؟ چۆن دەچێتە (ناو واقیعەوە) ناو ڕووداوەکانی ژیانەوە؟ چۆن دەژی لە ناویدا؟ بۆ ئەمەیش داناییەکو بەرنامەکەی ژیانت دەوێت، تا وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوەو پێوستت بە پەروەردەیش هەیە، تا لە ژیاندا بە باشترین شێوە بژیت، بۆ زانیاریی زیادتر لەسەر ژیربێژیىو دانایی لە زمانو پەروەردەدا بڕوانە: ( عەلی، 2022، 420-425).

وابەستەیی پەروەردەیش بە "فەلسەفەوە ئەو شوێنە ڕاستە دیاریدەکات، کە پەروەردە دەبێت بەرەو فەلسەفەو داناییە (حیکمەتە)بڕوات، پەروەردە ئەو داناییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازێتەوە. فەلسەفە نوێنەرایەتی سیستەمێکی بیرکردنەوە دەکات، پەروەردە لە ناوەڕۆکی فێربوندا ئەو بیرکردنەوەیە وەردەگرێتو فەلسەفە شێوازێکی ژیان بەرجەستەدەکاتو پەروەردە ئامادەکاریی بۆ ژیان دەکات. کەواتە لێرەوەیە دەڵێن: وابەستەیی فەلسەفە بە پەروەردە هەیە. پەروەردە لایەنی کارەکیی فەلسەفەیە: ڕوەکی پەروەردە خۆراکی خۆی لە خاکی فەلسەفە وەردەگرێت، فەلسەفە تیۆریی پەروەردەیە، لە کاتێکدا پەروەردە کرداریی ژیانەو پەروەردە ئامرازی گەیشتنە بە ئامانج: فەلسەفە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئامانجەکان دەکاتو پەروەردە ئامرازی گەیشتن بەو ئامانجانەیە، بە گوتەی (هێربێت: Herbert) پەروەردە بەردەوامە، تا هەموو پرسیارە فەلسەفییەکان ڕووندەبنەوە" (فەقێ ئەمین، 2025، 520-521).

وەک لەسەرەوە باسکرا لە سەرچاوە زانستیەکاندا، باسی پەیوەستی فەلسەفەو پەروەردە دەکات، بەڵام ئەوەی گرنگترە لەفەلسەفە، ئەوەیە پێش فەلسەفەیش فەلسفەی زاڵمان هەیە، کە ڕەنگدانەوەی لە کردەی پەروەردەدا بە کرداریی هەیە، ئەویش "فەلسەفەی زاڵ"ە، کە بە پێی بەرنامەی ڕامیاریی وڵات لە ناو پەروەردەدا ڕەنگدەداتەوە.

لە هەر میللەتێکدا بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندن، فەلسەفەیەکی زاڵ لە ئارادایە، بۆ ئەوەی تاککە ئاراستەبکات بۆچی پەروەردە دەبێت، بۆ یەک ژیانە وەک ئەم دنیا، یان دوو ژیانەو بڕوا بە دواڕۆژ هەیە. واتە دەکرێت، فەلسەفەی زاڵ، هەندێک کات ئایینی بێتو هەندێک کاتی تر، بنەماکانی دیموکراسییو پەروەردەیی یەک دنیایی ڕۆژئاوایی بێت، کە دوو جۆر پەروەردەنو لێکچوونو دژیەکی لە نێوانیاندا هەیە، تێکەڵکردنیان پێویستی زۆر بە کارامەیە، ئەگەرنا دژیەکی لە بیرکردنەوەی تاکدا دروستدەکات. با سەیری دەستووری عێراق لە گۆشەی زانستی زمانی پەروەردەییەوە بکەین، لە دەستوری عێراقدا کە دانراوە، فەلسەفەی زاڵی دەستوورەکە، بنەماکانی ئایینی ئیسلامو بنەماکاکی دیموکراتی تێکەڵکراوە[2]، بۆ ئەوەی دەستورو یاسای ژیان بنووسرێتەوەو بەرنامەی خوێندنیش بە ئەم دەستوورە کاریگەرە کە دانراوەو جۆرەها خوێندنگە بە زمانی بیانی (ئینگلیزیی، چینی، کۆریی، تورکیىو...هتد)هەیە. ئەم دوو بنەمایەیش هەردووکیان تێکەڵکراونو دەرکەوتەیشی لە ژیانی خەڵکدا هەیەو دژیەکی زۆریش لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت، ئەمەیش کاریگەری لە ناساندنو پێرەوکردنی پەروەردە لە وڵاتدا هەیە، لە کردارو بیرکردنەوەی تاکی عێراقیو کوردیدا ڕەنگدانەوەی هەیەو کاریگەریشی لەسەر پەوروەردەو پێناسەی پەروەردەیش هەیە، دەبینین بە زمانی جیاواز جیاواز (تورکی، ئینگلیزیی، کۆرییو...هتد) پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت هەیەو جۆری بیرکردنەوەی کەسەکانیش دەگۆڕیت. لێرەوە پەروەردە پێناسەدەکەینەوە.

وشەی پەروەردە، لە فەرهەنگی دەریادا، کە فەرهەنگێکی عەرەبی کوردییە، نووسراوە، "پەروەردە: فێرکردن، پێگوتنو تێگەیاندن دەگرێتەوە". (کەریم، 2006، 121). واتە کەسەکە فێردەکەیت، بە پێگوتنو تێگەیاندن، ئەو کات تاقیدەکرێتەوە، لە بواری پەروەردەی فەرمیدا، بەڵام لە بواری پەروەردەی نافەرمیدا لە سەر کەسایەتی کەسەکە کەوتووە خۆیی - خۆیی فێردەکاتو بەکاردەهێنێت (وەک: فەیسبووک)، کە پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتییە. کەواتە پەروەردە فێرکردنە بۆ پێگوتنو تێگەیاندن تا لە ڕەوشتو دەروونیدا ڕەنگدانەوەی هەبێت. لە فەرهەنگی (وەسیت)دا، واتای وشەی پەروەردە دەکاتو دەنوسێت: "پەروەردە، بریتییە لە فێرکردنو پێگەیاندنی زانیارییو زانستی جوراوجۆرە بە خوێندکاران لە لایەن مامۆستاوە" (ئەحمەدو محەمەدو هاوکارانی، 2008، 121). فەرهەنگو پێناسەکانی پەروەردە لە سەرچاوەکانی تردا لە دەوروبەریی ئەم پێناسانەدا دەسوڕێنەوە. لە پێواژۆی پەروەردەدا، مامۆستا، پرۆگرامو خوێندنگەو خوێندکارو... هەیە، بۆ ئەوەی پەروەردە دەستپێبکات، یان لەسەرچاوەی تردا هاتووە، کە پەروەردە " بریتییە لە هەر جووڵەیەکی مەبەستدار، یان بێمەبەست، کە کۆمەڵگە دیاریدەکات لەسەر بنەمای ڕۆشنبیری، پێگەیاندنو گەشەسەندنی نەوەیەکی نوێ لەسەر بنەمای زانست و هۆشیاری، هەتا ئەرکی سەرشانی

خۆیان لە کۆمەڵگەدا جێبەجێبکەن" واتە پەروەردەیش فەلسفەیی خۆی دەوێت (حەمەڕەش، 2025، 16) ئەویش لە (تەنتاوی، 2022، 30) وەریگرتووە. لە بواری ئایینی ئیسلامدا، کتێبی قورئان بۆ پەروەردەیی ڕەوشتو دەروونی مرۆڤ بە پێی پێوەریی هەردوو دنیا هاتووەتەخوارەوە، مرۆڤ لێرەدا بە پێی کتێبو فەرموودەو ڕای زانایان پەروەردە دەکرێتو پاشان خۆی لە کردارو گوفتاری خۆیی بەرپرسە. پەروەردەی ئەم دنیاییو زانستی و پەروەردەی ئایینی جیاوازە، یەکەم تاقیکردنەوەی لە ئەم دنیایەو ئەنجامیش بۆ ئەم دنیا زیادتر گرنگەو وەریدەگریتەوە، بەڵام پەروەردەی ئایینی تاقیکردنەوەی لە ئەم دنیایەو ئەنجامی لە ئەو دنیا وەردەگرێتەوە، لە ئەم خاڵەدا جیاوازیی بنەڕەتیو دنیابینی پەروەردە جیاوازەکان جیادەبنەوە، لە بەرئەوە پێوستە وردتر لەسەر پرۆگرامی پەروەردە جەختبکەینەوەو بە وردیی دابڕێژێتەوە، پەروەردە لە داینگەوە تا زانکۆ بە وردی فەلسەفەی زاڵو دنیابینی دابڕێژرێتەوە.

**1/1). ئاوەز وەک بنەمایەکی سەرەکی پەروەردەیی**

ئاوەز، لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەڵام ڕێژەو بەکارهێنانی بۆ چاکە/خراپە جیاوازە، لە فەرهەنگەکاندا باسکراوەو واتاکانی ڕوونکراوەتەوە، بۆ نموونە. **ئاوەز،** لە فەرهەنگی (عەمید)دا، بە واتایی: دانایی(ژیرییە)، هەستکردنو توانایەکە، کە کردەی باشو خراپ لە یەکتریی جیادەکاتەوە. (عەمید،:1361، 733). واتە چۆن بۆ ئایین وەرگرتن، پێوستە کەسەکە خاوەنی ئاوەزبێت ئینجا ئەرکی ئایینیو یاسایی لە سەر دانراوە، کەسێکیش ئاوەز پێنەدرابێت لە لایەن خوای گەورەوە، ئەو کات ناتوانێت بە جوانی پەروەردە لە خێزانو کەسوکارو هاوپیشەو کۆمەڵگە بەگشتیو داینگە بۆ زانکۆ وەربگرێت. ئاوەزیی تاکەکەیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، بۆ وەرگرتنی کردارو قسەی جوانو باش دەگۆڕێت. کەواتە ئاوەز بنەمای لایەنی پەروەردەو بیرکردنەوەیە، هەم بۆ تاک و کۆمەڵیش، ئەگەر نەبێت، پەروەردە ناتوانێت بکرێت. ئاوەز پەیوەندی ڕاستەوخۆیی بەدەستوور، یاساو پەروەردە هەیە. دیارە پەروەردەیش مەرج نییە هەمووکات لە سەداسەد کاریگەر بێتو وەربگیرێتو لە کرداروگوفتاردا ڕەنگبداتەوە، هەندێک ڕایان وایە ئاوەزو جۆری کەسیەتیەکە گرنگن بۆ ئەوەی پەروەردە بکرێت، لێرەوە بە پیوست دەزانرێت، گۆشەنیگای جیاواز لەسەر پەروەردەکردنی تاک بخرێتەڕوو.

**1/2)پەروەردە لە گۆشەنیگای زانستی زمانی پەروەردەییەوە**

زانستی زمانی پەروەردیی، کار لەسەر پەروەردەیش (EDUCATION) دەکات. بابەتێکی فرەڕەهەندو فرەچەشنەیەو ڕەگی لە پرسیارەکانی زانستی زماندا داکوتاوەو تێکەڵەیەکە لە زانستەکانی تری وەک (زمانزانی، دەروونزانی، کۆمەڵزانی، دەمارزانی، نۆژداریزانی، .... تاد). ئەم پەسەندکردنە وایکردووە، کە بە زانستی فرەپسپۆڕیو فرەزانستی (interdisciplinary) بناسرێت. زانستی زمانی پەروەردەیی بواری گشتی زمانی پەروەردەییە و لقێکی زانستی زمانی کارەکییە، خودی ئەم زانستە لە ساڵانی (1940)ەوە، وەکو زاراوەیەک بۆ پێداگۆکی زمانی دووەم/ بیانی بەکارهاتووە. هاوکات ئەم زانستە جەخت دەخاتەسەر بابەتە زمانییو پەروەردەییەکانەوەو ئەم بابەتانە بە ئەرکی خۆی دەزانێت، تا توێژینەوەی تێدا بکات.[3]

پەروەردە لە ڕوانگەی ئایینەوە زۆر گرنگەو لە دەقی قورئاندا زۆر ورد باسی چاکەو خراپە کرراوەو گوشراویی دەقی قورئان لەسەر پەروەردەو چاکەو خراپە کە بابەتی سەرەکیو بنەمای پەروەردەیە دەفەرموێت: هەر کەسێک چاکە دەکات، بۆ خۆی دەکاتو هەر کەسێکیش خراپە بکات، ئەو کات خراپەکە لە خۆی دەکات. ئەم ڕوانینە زۆر وردەو پەروەردە پەیوەست دەکات بە ناخو دەروون و کرداریی مرۆڤەکە خۆیەوەو مرۆڤ بەرپرسیار دەکات لە ئاست هەڵسوکەوتی خۆیی. ئایین بۆ پەروەردەیی مرۆڤو ڕێکخستنو تاقیکردنەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی پەروەردەیی ئایینیەوە ئەم کارە دەکات، کە کۆنترین دەقە پەروەردەییەکان سەرچاوەی بۆ ئایین دەگەڕێتەوە.

چەند ڕایەکش لەسەر خودی زاراوەی پەروەردەکردنی تاک لە کۆنەوە هەیە، هەندێک بیروڕایان وایە پەروەردەکردن زۆر مرۆڤ ناگۆڕێتو پەروەردە دەتوانێت ئەو شتانەی لە دەروونی کەسەکەدا هەیە گەشیبکاتەوە، (سەعدی شیرازی) لە دەروازەی (بابی) حەوتەمدا، کە بە ناویی (سوودو کەڵکی پەروەردە) ناونراوەو بۆ بواریی پەروەردە تەرخانکراوە، باسی ئەوە دەکات، کە مرۆڤ هەیە خاوەنی سروشتێکی باشەو پەروەردە باشی دەکات، هەیە خاوەن سروشتێکی باش نییەو پەروەردە کاریگەریی زۆر لەسەر نییە وەک دەگێڕێتەوە "کوڕی کەسێکی خاوەن پایەیان بۆ لای (سەعدیی شیرازیی) ناردووە، کوڕەکە وەک دەڵێن: کەمێک مژمۆڵەبووە(وریا نەبووە)، بیریی کۆ نەبووە، دوای چەند ساڵ نەتوانراوە فێربکرێتو پەروەردە بکرێت، چونکە خاوەنی ئاوەزێکی باش نەبووە". بۆ زانیاری زیادتر

لەسەر چیرۆکی پەروەردەیی ژیان، بڕوانە: (شیرازی، 2020، 296-310). واتە کەسێك ئاوەزێکی باش/ ئاسایی نەبێت، ناتوانێت پەروەردەی تێدا بچێنێت، لەسەر ئەمەیش یەکێك لە شارەزایانی بواری پەروەردە ئاوا ئەم بابەتە شیدەکاتەوەو دەڵێت: "پەروەردە وەک گوێزێك وایە لەسەر گۆمەزێکی خڕ دایبنێت چۆن گلۆر/خلدەبێتەوە ناوەستێت" پەوەردەیش بۆ هەندێك/ زۆرێك لە مرۆڤ/ لە مرۆڤەکان ئاوایەو پەروەردە وەرناگیرێت، بەڵکو پەروەردە خودیی خۆیی لە ناوەڕۆکی کەسەکەدا هەیەو لەدەرەوە زۆر وەرناگیرێت. (چاوپێکەوتنی تایبەت: نیرگسەجاڕیی، 2026). یان پەروەردە بە خشتی/بلۆکی یەکەم بناغەی خانوو دانراوە، کە چینی یەکەم لارووێربوو، دیوارەکە تا ئاسمان بەرزبکەیتەوە هەر لار دەردەچێت. ئەم نموونەیش لەسەر ئایین بونیاتنراوە، بۆ نموونە تەماشابکەین، موسا (د.خ) لە ماڵی فیرعەون پەروەردە کرا، بەڵام پەروەردەی سیستەمی فیرعەونی بە هیچ شێوەیەک وەرنەگرت، هاوکات خێزانی نووح (ع.س)و کوڕەکەی (دەڵێن ناوی کەنعان بووە) هەیەو بێروڕای ئەو پەیامبەرەی کە مێرد بوو بۆ ژنەکەو باوک بوو بۆ کوڕەکە، پەروەردەکەیان لێوەرنەگرتووە. ڕای زانایانی تریش هەیەو دەڵێت: پەروەردە زۆر گرنگەو بیروڕاو بەهاکان لە کەسەکاندا دەچەسپێنێتو پەیامبەران بە جۆرێک تاقیکردنەوەو پەروەردەکراون تا شیاوبن وەک مامۆستای پەروەردەیی ئایین پەیام بڵاوبکەنەوە، هاوشان دەیان تیۆریی لە ئەم بواری پەروەردەیەدا لە لایەن زانایانو پەروەردەکارانەوە دانراوەو سوودی زۆریشی هەبووە.

لە پوختەی ئەم دوو بیروڕایە دەتوانرێت بگوترێت: پەروەردە بە ڕێژەیی کاریگەریی لەسەر مرۆڤ دەکاتو کەسەکانو ڕای کەسەکانو ئاوەزیی کەسەکان گرنگن بۆ ئەوەی بەهای پەروەردەیی وەربگیرێت، واتە چەند بەرنامەی پەروەردە گرنگە، لە ئەو گرنگتر وەرگرتنی پەورەردەیە لە لایەن کەسەکەوە.

لە ڕووی زانستیو مێژووییەوە، زاراوەی **(Education)** لە ساڵانی (١٥٣٠)ەکاندا، بۆ چەمکی 'بەخێوکردنی منداڵ' و تەنانەت 'ڕاهێنانی ئاژەڵان'یش، بەکارهاتووە. (Etymology Dictionary, 2024). واتە مەبەست بەخێوکردنە، لەگەڵ بە خێوکردندا باوکو دایک داواکاریی ڕەوشتیان هەیەو منداڵیش لە دایکوباوکەوە ڕەوشت وەردەگرێت، لێرەوە پەروەردە بابەتێکی دوو سەرەیە، هەم دایکوباوکەوە منداڵ پەروەردە دەکات، هەم منداڵیش لە دایکوباوکەوە ڕەوشتو زمانی پەروەردەی وەردەگرێت. کەواتە منداڵو مرۆڤ بە توانانو لە سەداسەد پەروەردە وەک خۆی وەرناگرنو ڕای خۆیان بۆ وەرگرتن، یان ڕەتکردنەوە بەهایی هەیە.

زاراوەی پەروەردە، (ئیجوکەیشن: پەروەردە) مێژووی وشەکە بۆ زمانی (لاتینیی) دەگەڕێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی لە دوو زاراوە هاتووە. زاراوەی یەکەم: (ئێدوکارێ :Educare)، بە واتای پەروەردەکردن، یان بەخێوکردنو تێرکردن هاتووە. ئەمە لایەنە دەرەکییەکە دەگرێتەوە (ئەو زانیارییانەی مامۆستا دەیخاتە ناو مێشکی خوێندکار)ەوە. دووەم زاراوە (ئێدوکێرێ: Educe)، بە واتای" دەرهێنان"، یان "بەرەودەرەوەبردن) هاتووە، ئەمەیان لایەنە ناوەکییەکەیەکان دەگرێتەوە. واتە دەرخستنی ئەو بەهرەو توانایانەیی کە لە ناو مرۆڤدا بوونیان هەبووە. بە کورتی زاراوەی پەروەردە، تەنها زانیاری پێدان نییە، بەڵکو گەشەپێدانی تواناکانی مرۆڤە لە ناوەوە بۆ دەرەوە. ( Google Gemini, 2026).

## (1/3) . تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووك و بەکارهێنانی هەستەکان

تۆڕیی کۆمەڵایەتی مەودایەکی/فەزایەکی خوازەییە (مەجازییە)و هەستەکان پێکهاتەتی بیرکردنەوەو نووسین لە قاڵبدەدەنو گەشەپێیدەکەنو دەکرێت بیشیگۆڕن، لێرەوەیە هەستەکان گرنگو پربایەخن. ئاشکرایە، مرۆڤ هەستی بەکۆمەڵایەتیبوونی تێدایە، **لە** پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا، هەر پێنج هەستە فۆلکۆرییەکە وەک: (بیستن، بینین، تامکردن، بۆنکردن، دەستلێدان) لە پەیوەندیدا بە ڕێژەیی بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە تۆڕیی کۆمەڵایەتیدا زیادتر (بیستن، بینین)ە، چالاکە، ئەمەیش وادەکات پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاتێك دەگۆڕێت بۆ پەیوەندی تۆڕێ کۆمەڵایەتی گۆڕان لە بنەمای ئاخاوتنو گوێگرتن بگۆڕێت، چونکە هەستەکانی کەمتر تێدا بەکاردێت، بە لە دەستدانی هەر هەستێکیش لە مرۆڤو پەیوەندیکردنی مرۆڤایەتیدا، کەموو کورییەک لە زانینیی کەسەکەدا دروستدەبێت.

تورەکۆمەڵایەتییەکان" زاراوەیەکە بە کۆمەڵێک پێگەی ئینتەرنێتی دەگوترێت، ڕێگە بە پەیوەندی نێوان تاکەکان دەدات، کە لە ژینگەیەکی کۆمەڵێەتیدا کۆبوونەتەوە" (ئیسماعیل، 2020،30). ئەم تۆڕانە بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و یەکترناسینیو دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی گریمانەیی خاوەن حەزوخولیایی جۆراوجۆرن، کە بەکارهێنەر دەتوانێت لاپەرەی تایبەت بە خۆی هەبێت، وێنەو زانیاریو نووسینی تایبە بەخۆییو

ڕای خۆی بە ئاسانی بڵاوبکاتەوە. تۆڕەکۆمەڵاتییەکان هەندێک تایبەتمەندیان هەیە، بۆ زانیاری زیادتر (هەواسو نەجار، 2025، 127-128).

1. تۆڕەکۆمەڵاتییەکان توانای فراوانبوونی زۆر گەورەیان هەیە، تا ڕادەیەکی زۆر بێسنوورە.
2. ناوەڕۆکی گوتارە ڕقئامێزەکان بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە.
3. ناوەڕۆکی گوزارشتەو گوتارەڕقئامێزەکان بۆ پالاتفۆرمەجیاوازەکانی تری تۆرەکۆمەڵایەتییەکان دەگوازێتەوە.
4. بەکارهێنانی ناوت ساختەو نادیاریی تێدایەو ئاسان نادۆزرێتەوە، ئەمەیش دەمودەست ئازاد دەکات لە ئاخاوتن.
5. هەستکردن بە ئازادییەکی ڕەها، کە یارمەتیدەرە بۆ سنوربەزاندنی تاکەکان. [4]

ئەم تایبەتمەندیانەیش وێڕای لایەنی باشی لایەنی خراپەیشی زۆرەو پێوستی چاودێریی‌و پەروەردەیی زیادتری تاکەکان لەسەر ئەم بوارە هەیە. دیارە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، وەك وێبسایتێکی کۆمەڵایەتیی خۆڕایی (بێپارە، ئەگەر هێڵی ئەنتەرنێت هەبێت) لەسەرهێڵی ئینتەرنێتی ئەژماردەکرێت. بەکارهێنەرانی بە ئاسانی دەتوانن ناسنامەی خۆیان لەسەر ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە دروستبکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانن (وێنەو نوسین‌و ڤیدیۆو...هتد) لەسەر فەیسبووك پۆستبکەن، لەگەڵ هاوڕێ، دۆست، نزیك ناسراوەکانیان‌و دوورو بیانییەکانیش پێوەندی بکەن‌و بیروڕاکانیان ئاڵوگۆڕپێبکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا "ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییە، لەسەرەتادا تەنیا بۆ پێوەنیکردنی خوێندکارانی زانکۆ بەکاردەهات، بەڵام دواتر پەرەیسەند هەرکەس ئیمێڵ‌و ناونیشانێکی هەبێت، دەتوانێت لە ئەم تۆرە کۆمەڵایەتییەدا بەشداربیکات". بە واتایەکی ئارەزوومەندانەیە، بە وشەی نهێنی دەچێت‌و دەکرێت وشە نهێنەکیش ببرێت، واتە شوێنێکی تەواو ئارام‌و سەلامەت نییە، لە سەرەتاوە بە ڕەمزو نهێنی دەچێتەناوییەوە.

لە فەرهەنگی ماکمیلاندا وەك کردار ناوی فەیسبووکی بردووە. واتە لە پۆلەڕەگەزی کرداردا دایناوە، بە ئەم شێوەیە پێناسەی کردووە. فەیسبووك بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت کە "کەسێك بیەوێت لە ڕێگەی فەیسبووکەوە پێوەندی بە کەسێکی ترەوە بکات، یان کەسێك بیەوێت لە ڕێگەی فەیسبووکەوە لە بارەی کەسێکەوە زانیاری وەربگرێت. **(Macmillan Dictionary,2026)**

واتە فەیسبووك تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە، بۆ پێوەندیکردن‌و زانیاری وەرگرتن بەکاردەهێنرێت.

تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك هەندێك زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئەندامانی نێو تۆڕەکە بەکاریدەهێنن، ئەم زاراوانە ئامادەن‌و ئەندامەکان دەتوانن لەیەکتری جیابکەنەوە. ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییە ئێستا لە کوردستاندا لە هەندێك لە تۆڕەکانی تر زیادتر بەکاردەهێنرێت‌و بەکارهێنەری زیاتری هەیە، بەشێوەیەك زمانی تایبەت بە خۆی هەیەو گفتوگۆکانیش زیاتر ناڕاستەوخۆیەو لە ڕێگەی نوسین و وێنەوە بیروڕا دەگۆڕنەوە بەردەوامی بە پێوەندییەکانیان دەدەن. لە فەیسبووکدا پۆستکردن(Post) هەیە، هەر پوستێکیش گوارشتێك/نووسن/ ڤیدیۆیەکەو ...هتد، بیرکردنەوەی خاوەنەکەی دەردەدەخات، پۆستکردنیش نوسین و شەیرکردنی وێنەو ڤیدیۆو پرسیارو ڕاوەرگرتن و کەمپین دروستکردن دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر زاراوەی تر جگە لە ئەمانە هەیە و بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەمانە دەتوانین بڵێین: سەرەکی و لە زاراوە گرنگەکانی نێو تۆڕی فەیسبووکن، زۆر زاراوەی تری بۆ بەکارهێنان هەیە.

کەسانی کە ئەم پۆستە دەبینین بە (لایک، ئەنلایک، ئیمۆجییەکان، کۆمێنت‌و...هتد)، دەتوانن لەسەر پوستەکە ڕای خۆیان دەربڕن، لێرەوەیە بیروڕاکانی نوسەری پوست‌و ئەوانی ڕادەردەبڕن لەسەر پۆستەکان دەکرێت‌و لێرەوەیش ڕەنگدانەوەی پەروەردە لە پوست‌و گوزارشت لەسەر ئاخاوتنەکان دەردەکەوێت.

لە ناو ئەم تۆرانەوە وشەی باش‌و شیاو، هاوکات نەشیاو دەنووسرێت‌و لەدەمو هزر دێتەدەرەوە، لە دیدیی کۆمەڵناسییەوە ئەمەیش بە گوتاری ڕقئامێز ناونراوە. گوتاری ڕقئامێز (سپیچ هەیت:Speech hate) بریتییە لە: دوو وشە پێکدێت، (ئاخاوتن/گوتار) و (ڕقوکینە)، ئەمەیش هەر قسەیەکە، کە دەگوترێت و دەبیسرێت، ئامانجی یەکەم دروستکردینی کاریگەرییە لە سەر بەرانبەر بە شێوەیەک لە شێوەکان،(هەواسو نەجار، 2025، 126) ئەویش لە (یقطین، 1997، 19) وەرگرتووە. ڕق و کینە: گوزارشتە لە هەستێکی نەخوازراو و نەفرەتکردن و دژایەتیکردن، یان هاوسۆزنەبوون لەگەڵ کەسێک، یان هزرێک، یان شتێک، یان دیاریدەیەکی دیارکراو. ( بومجعة، 2020. 5)، لێرەوە کۆمێنتەکان دەبشکنین بزانین چەندێك لە گوتاریی ڕقئامێزەوە نزیکن، "لە ساڵی (2019) لە ستراتیجیەتی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و پلانی کاریان لە ئەم بارەیەوە سەبارەت بە "گوتاری ڕقئامێز" پێناسەدەکەن‌و دەڵێن: " هەر

جۆرە پەیوەندییەک، زارەکی، نووسینو ڕەفتارییی، کە هێرشبکاتە سەرکەسێك، یان سوکایەتی پێبکات لەسەر بنەمای ئایین، یان ئینتمایی نەتەوایەتی، یان بنەچەیی، یان ڕەنگی پێستی، یان هەر هۆکارێکی تری شوناسیی، بە ئاخاوتنو گوتاری ڕقئامێز دادەنرێت"(هەواسو نەجاڕ، 2025، 126). وەک دەبینین لە نێو عێراقو هەرێمی کوردستانو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم گوتارە لە ئێستا زەقەو پێوستی بە قسەکردنو ئاشتکردنەوەی نیشتیمانی هەیە، ئەم گوتارەیش لە چەند شێوەیەکدا خۆی دەنوێنێت وەک: (گوتاری جیاکاریی ڕەگەزیی، گوتاریی هاندانو جیاوازی ئایدۆلۆجیای ڕامیاریی، گوتاریی ڕقاوییو بانگەواز بۆ کوشتنو توندوتیژیی، زمانی زبر...هتد)، لە ئەم بوارنەدا گوتاریی ڕقئامێز دەبینرێتەوە، بۆ زانیاری زیادتر لە ئەم بارەیەوە بڕوانە: (هەواسو نەجاڕ، 2025، 126-130).

### 1/4). شیکردنەوەی پیتەکانی وشەی پەروەردە (EDUCATION)

زاراوەی پەروەردە وەک لەسەرەوە باسکرا، لە شێوەی کورتکردنەوە (ئەکرۆنیم) درووستنەکراوە، بەڵکو زانایان هەڵیانداوە پیتەکانی وشەی (ئیجوکەیشن) خوێندنەوەی پەروەردەییو زمانی بۆ بکەنو ناوەڕۆکی پەروەردە لە ئەو زاراوەیەدا شیبکەنەوە، وەک (ئەحمەدی خانی) دەفەرموێت: (شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە زینو مەمێو بکەم بەهانە...). واتە بە بەهانەی (مەمو زین) چی لە دڵدا هەبوو گوتیو نووسیویەتی(ڕەسول، 2008، 55)، ئەگەر چی ئەم بەهانە، لە ڕووی زانستییەوە نابێت بە بەهانەوە کاربکەیت، بەڵام سوودی خۆیشی هەبووە. شارەزایان بۆ مەبەستی زانستی، وشەکەو شیکردنەوەی وشەکەیان وەک بەهانە تەماشاکردووەو لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ پیتی وشەکە کردووە، لە ئەم توێژینەوەیشدا ئەو شیکردنەوەیە وەک وەچە تیۆرییەک بۆ شیکردنەوەی نموونەکان بەکاردەهێنرێت، هەر پیتێکی وشەی پەروەردە بناغەیەکی گرنگو بنەڕەتی پەروەردەی سەرکەوتووە، بۆ زانیاریی زیادتر لەسەر شیکردنەوەی پیتەکانی زاراوەی (ئیجوکەیشن) لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە بڕوانە: (فەقێ ئەمین، 2026، 15). کاتێک هەموو پیتەکان پێکەوە یەکدەگرنەوە، پەروەردەیەکی تەواو و بەرفراوان دروستدەبێت، کە مرۆڤ ئەگەر خاوەن ئاوەزبێتو خۆیشی ئارەزوویی بکاتو دۆخی بۆ بگونجێنرێت، لە هەموو لایەنەکانەوە کەسەکە پەرەپێدەدات، لە ئەم توێژینەوەیەدا پیتەکان لە گۆشەنیگای پەروەردەی کۆمەڵایەتیو نافەرمیەوە، کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە، شیدەکرێنەوەو خوێندنەوەیان بۆ دەکرێتەوە، چونکە پەروەردەی فەرمییو نافەرمیمان هەیە. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان جۆرێک لە پەروەردەی نافەرمی دەگرێتەوەو خوێندنەوەکانیشی لە پەروەردەی فەرمی دەکرێت جیاواز بێت. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان جۆرێک لە پەروەردەی نافەرمی دەگرێتەوەو خوێندنەوەکانیشی لە پەروەردەی فەرمی دەکرێت جیاواز بێت، ئەم خوێندنەوەیە کوردانەیەو پەیوەستە بە توێژینەوەکەو کلتوری کوردییەوە.

1. **ئی**: وزە (energy)، وزەیی فێربوون، وزەی هەستەکان بۆ وەرگرتنو وزەیی بەشداریکردن لە کردەکۆمەڵایەتییو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو وزەیی پەروەردەییو وەرگرتنو ئاخاوتنیش دەگرێتەوە، ئەم وزەیە بۆ باش بەکارهات، بەرهەمو کردارو گوتەیی جوانی لێبەرهەم دێت، بە پێچەوانەشەوە.

2. **دیی**: ڕێکخستنو بنەمای ڕێکوپێکی (Discipline) دەگرێتیەوە، لێرەوە بزانین چەند ئەم بنەمایە، ڕەنگدانەوەی لە گوازارشتو نووسینی کۆمێنتەکاندا هەیە.

3. **یوو**: یەکڕێزییو هاوکاریی (Unity)، یەکڕێزییو هاوکاریی لە هەر کارێکدا هەبێت، ئاماژەی پەروەردەیی دەردەخاتو گرنگو بەبەهایە، یەکڕێزیی لە بواریی کۆمەڵایەتی، هاوڕایی، تەبایو خۆشەویستییو ...هتد، دەگرێتەوە، نەبوونی ئەمانەیش خراپەی زمانو هەڵسوکەوتی تاک دروستدەکاتەوە.

4. **سیی**: متمانەبەخۆبوون (Confidence)، متمانەبەخۆبوون، زۆرگرنگە، لە بواری پەروەردەدا، پەروەردە ئەوەی کاری لەسەر دەکات، تاکێک بەرهەم بهێنێت، کە متمانەیی تەواویی بەخۆیی هەبێت.

5. **ئەیی**: ئامانج (Aim): ئامانجو ئاراستەی پەروەردەیی دەگرێتەوە، کاتێك قسەدەکەیت، یان دەنووسیت، پێوستە لە گۆشەنیگایی پەروەردییەوە ئامانجێکی جوانت هەبێت، چونکە لە خوێندنەوەیی ئامانجدا دەکرێت پێوەرێك لە پێوەرەکان، بە کردارو گوفتاردا ئامانج بخوێنرێتەوە.

6. **تی**: بەهرەدار (Talent)، بەهرەدارو زیرەکی دەگرێتەوە، ئەو کەسە تا چەند پەروەردە بەهرەداری دەکات دەگرێتەوە، یان چۆن بەهرە لە تۆڕەکۆمەڵاتییەکانەوە بۆ بواری گەشەی پەروەردە وەربگرێت، دەگرێتەوە.

7. **ئایی**: ئارەزووکردن (interest)، ئارەزوو بۆ فێربوون دەگرێتەوە، کە گرنگترین لایەنە تا کەسەکان لە بواری پیشەیەک/ کارێکدا سەرکەوتووبن، ئارەزوویی کەسەکان لە کۆمێنتدا دەردەکەوێت، بزانرێت، وەسفە، سوکایەتیکردنە،

نرخاندنە، خۆبەکەمزانینە، پشتگرییەو گاڵتەوگەپەو...هتد، ئارەزوویی کەسەکان لە کۆمێنتەکان/ گوزارشتەکان دەخوێنرێتەوە.

8.**ئۆ:** گەشەکردن (Opportunity)، دۆخی گەشەکردن، هەلی هەرکارێك گرنگە بۆ ئەوەی کە گەشەکردن بێتەئاراوە، وەک فێربوون، ڕابەرایەتیکردنو دەرفەتی توانای خۆدی کەسەکە، کۆمێنتەکان دەتوانن لایەنی گەشەی تاک پەرەپێبدات، بە پرسیارێك، یان پێشنیازێکی بۆ ئەو پۆستە هەبێت.

9. **ئێن:** نەتەوەیی (Nationality)، نەتەوەیی، بە واتای فراوانی مرۆڤایەتی و خۆشویستنی خاک و نیشتیمان، پەروەردە وادەکات ئەمانە لە دەروونو کرداریی تاکدا بگەشێتەوە، زۆرجار دەتوانیت نەتەوەی خۆت لە ناو دەورووبەرو خوێنەریی نووسینەکانتدا زیادترو جوانتر وێنا بکەیتەوە.

وەک دەبینرێت، خوێندنەوە بۆ پیتی سەرەتای وشەکانی زاراوەی (ئیجوکەیشن) کراوە، ناوەڕۆکو ئامانجو جۆرێک لە تیۆریی لە زاراوەکەوە دەرهێنراوەو خوێندنەوەی بۆ کراوە وەک: {وزە، ڕێکخستنو بنەمای ڕێکوپێکبوون، یەکرێزیی، متمانەبەخۆبوون، ئامانج، بەهرەداریی، ئارەزودروستکردن، دۆخی گەشەکردن، نەتەوەیی} ، لە سەر پێوەرو تۆرە کۆمەڵایەتیەکان، کە بەهایی لە بواریی پەروەردەیی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

**2/1)کارەکیکردنی پێتەکانی پەروەردە لە کۆمێنتی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا**

دەتوانین ئەو بنامایانەی سەرەوە، ئاوا خوێندنەوەی بۆ بکرێتو لە دەقدا جێگیر بکرێنو گوزارشتەکانی لە نۆ ڕووەوە پێبپشکنین، کە هەر کەسێك: وەزی هەبێت، وەزەکەی ڕێکبخاتو یەکرێزیی پێدروستبکات، متمانەی بەخۆی هەبێت، بەهرەدارو ئامانجو ئاوەزی لە کاردا هەبێت، دۆخی گەشەکردنی خۆی بسازێنێت، نەتەوەییش بێت، نەتەوەی خۆی خۆشبوێت، برواو ڕێز لە ئایینی میللەتی بگرێت، کەسێکی ناودارو پەروەردەکراوی بە نرخەو پێناسەیەکی جوانیش بۆ تاکی کورد دەکاتەوە، لە ڕوانگەی زانستی زمانی پەروەردەییەوە ئەم خوێندنەوەی بۆ کراوە.

لێرەوە نووسینی (کۆمێنت) لە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی ئەو بنەمایانەی کە لە وشەی پەروەردەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. واتە بنەماکان و خوێندنەوەکان لە وشەی (ئیجوکەیشن) وەرگیراوە، وەک تیۆرییەک بۆ کارەکی توێژینەوەکە بەکاردەهێنرێت

**2/2) نووسینی کۆمێنتەکان لەسەر پۆستەنووسراوەکانی فەیسبووک**

تەکنەلۆجیاو تۆریی کۆمەڵایەتی، ژینگەیەکی ڕاستەقینە نییە. زانیاریی زۆریی تێدایە، بەڵام مەرج نییە قووڵو زانستی بن. تەکنەلۆجیا ڕوونمای بیری کەسەکانی تێدا دەکرێت. فەیسووبووک[5] یەکێکە لە تۆڕانەیی کە خەڵکی لە هەرێمی کوردستانو عێراقیشدا بەکاردەهێنێتو کاریگەری لە سەر خەڵکیو لایەنی ڕامیاریش هەیە.

نووسین لە ئەم تۆڕەدا، وێنەیی بیرکردنەوەی کەسەکان زیادتر دەگرێتو دەیخاتەڕوو، وەک ئاخاوتن نییە، کە خێرا بیریی مرۆڤ بە کەسی بەرانبەر بگەیەنێت. نووسین لە سەر پۆستو ڤیدیۆو ڕووداوەکان ئاسانترە، چونکە بە ئاسانی بیردەکەیتەوەو بە هێواشی یان خێرایی دەتوانیت بنووسیت. لێرەوە کۆمێنتەکان لە سەر گوزارشتەکان، وەک گوزارشتی تاکەکەسی دەخەینە بەردەم لێکۆڵینەوە.

**2/3) شیکردنەوەیەکی واتای بۆ ئیمۆجییەکان لە ڕوانگەی پەروەردەوە**

کۆمێنتە پێکەنینهێنەرە ختووکەدەرەکان گریاندمیان، ناونیشانی دووەمی ئەم پاژەی توێژینەوەکە، بێلایەنانەو بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخەکەیە، بە شێوەی زانستیو تێگەیشتنی زیادتری دەسەڵاتە لە بیروڕای خەڵکەو تێگەیشتنە لە هاواریی بێدەنگی جەستەو بەدەنگی زمانی (ئاخاوتن/ نووسینی) خەڵکەکە، بۆ شکانی هیچ کەسو لایەنێك نییەو بەڵکو تێگەیشتنو پێگەیشتنە لە دۆخەکان بە باشی، ئەم جۆرە تێگەیشتنەیش پێوستی بە تێگەیشتن زانستی هەیە، تا زیادتر لە هەموو ڕوویەکەوە پێبگەین، بۆ ئەوەی بابەتەکە بە شێوەی زانستی بێت، پۆستێکو بیروڕاو بڕیارێکی وەزیرێکی حکومەتی هەرێم، لە سەر دۆخی هەرێمو خستنەگەریی مۆلیدەکانو بیروڕای بەشێك لە خەڵکی دەخەینەڕوو. پێشتر مۆلیدە ناحکومی بە هۆیی پرۆژەیی ڕووناکیو پێدانی کارەبایی (24) کاتژمێرییەوە، کوژێنرانەوە. کاتێك لە لایەن حکومەتی هەرێم لە مانگی (9) ساڵی (2025) لە شاری سلێمانی بە شێوەکی گشتی کارەبای (24) کاتژمێریی کەوتەکارەوە. دوای نزیکەی (6) مانگ بە هۆی جەنگی (ئێران – ئیسرائیلو ئەمریکا)وە، کۆمپانیایی (دانەغاز) بەرهەمهێنانی غازیی لە کێڵگەکانی کوردستان وەستاندو کارەبایی نیشتمانی بڕاو و کارەبای مۆلیدەیش

نەماو پرۆژەی (ڕووناکی) کوژایەوە (تارکی) شاری داگرتـو شار بوو بە ئەنگوستەچاو، لە مانگی (3)دا وەزیری کارەبا بە شێوەیەکی فەرمی گوتی: لە ئێستاوە، " (10) بۆ (12) کاتژمێر کارەبای نیشتیمانی بە هاوڵاتیان دەدرێت، بۆیە، داوا لە خاوەن مۆلیدەکان دەکەین، کارەبا بۆ هاوڵاتیان دابینبکەن" [6] لە چەندین پەیجی فەیسبووک ئەم لێدوانە، بە وێنەیی وەزیریی کارەباوە شەیرکراوە، پەیجێك لە پەیجەکانمان هەڵبژاردووە، کە بە ئەم شێوەیە خەڵکی تەماشای پوستەکەیان کردووە، کە ماوەی (چوار) بۆ (پێنج) ڕۆژە پۆستکراوە، لە ڕێگەی ئیمۆجیو کۆمێنت لەسەر گوزارشتو بڕیارەکەی وەزیر کاردانەوەکانو ڕوانینەکان بە ئەم شێوەیەی خوارەوەن، کە لە پۆستەکە بە شێوەی کۆمێنت دانراون، وەک وێنەی جەستەو زمانی جەستەیشە بۆ نموونە (لایکـو دڵ، باوەشو..، کۆمێنت هتد) کە هەموویان بە کۆمێنت دانراوەو کۆی کۆمێنتەکان (24711)ە، لە نۆ خاڵدا زانیارییەکان بە کورتی خراوەتەڕوو:

👍 (13300)جار، خەڵکی خەڵکی لایکیان کردووە.

- 😆 : (4400)جار، خەڵکی ئیمۆجی پێکەنینیان داناوە.
- 😡 : (109)جار، ئیمۆجی توڕەبوونو نارەزاییان داناوە.
- 😲 : (82) جار، ئیمۆجی سەرسامبوونو واویی حەپەسانیان داناوە.
- 😢 (28) جار، ئیمۆجی بێزاربوونو بێتاقەتیو گریانیان داناوە.
- ❤ : (20)جار، وێنەی دڵی سوروخۆشەویستیان داناوە.
- 🥰 (9) جار، وێنەی باوەشکردنو دڵیان داناوە.
- (4000) کۆمێنت، زیادتر نووسراوە.
- (29) جار شەیکراوە.جێت

لیرەوە هەوڵدەدرێت بە کورتی واتای ئیمۆجییەکان لە ڕوانگەی زانستی زمانی پەروەردەو نیازو هۆکارو دۆخی دەروونی کەسەکان لە ڕێگەی دانانی ئیمۆجییەکانەوە شیکردنەوەیەکیان بۆ بکەین، بە پێی ئەو ڕیزبەندییەی کە بۆیاندانراوە.

ئیمۆجیەکان لە تۆڕەکاندا زیادکراون، بۆ ئاسانکارییو گوزارشت لە دۆخەکان بە زمانی جەستە. زمانیی جەستەیش درۆ بە دەگمەن بۆ گەیاندنی بیرەکان دەکات، مەگەر کەسێك زۆر شارەزابێت، لە کارپێکردنو واتای زمانی جەستەیدا، بتوانێت درۆو هەڵخەڵاتاندنی پێبکات. ئەگەرچی زمانی جەستە لە تۆریی کۆمەڵایەتی لە ژیانی ئاسایی جیاوازی هەیە [7] واتایی خۆیی هەیە. وەک دەبینرێت، لە ئەو نۆ خاڵەدا:

یەکەم( 👍 ) (13300)جار : سیازدەهەزاروسێسەد لایک ( 👍 ) کراوە، دەکرێت بۆ پیشاندانی هێزبێت، بۆ وەزیرەو وەک پشتگیرییەک وایە، یان دەکرێت ئەو لایکانە کڕابێتو پشتگریی کراوبن بە پارە. واتە سپۆنسەریان لیدرابێت، تا نارەزایەتی پێبشارێتەوە ( بۆیە لایکەکان کراون)، چونکە کۆمێنتەکان کە نارازین زۆر زۆرن. واتایەکی تری **لایکردن** ( 👍 ) ئەوەیە، کەوا هەواڵەکەمان پێگەیشتووە، هەندێکیش پێدەچێت هەر لە بەر وێنەکەی وەزیر کە لەگەڵ پۆستەکەدا دانراوە لایکرابێت، چونکە وێنە کاریگەریی زۆرەو لایکراکێشە بۆ پۆستەکان لە فەیسبووکدا. واتە دەکرێت زۆر ئاگای لە دۆخەکە نەبێتو دۆخی دارایت باشبێتو بۆی گرنگ نییە گرنگ کارەبا هەبێت چۆن بێت لای گرنگ نییە، یان دەکرێت لایەنگریی وەزیرو ڕامیاریی حیزبی وەزیرەکەبن. لایکردن ( 👍 ) واتایی تریشی هەیە، وەک بێزاریی لە دۆخەکەو وەک واژۆ یەکی دۆخەکە وایە، کە دەڵێت: بینیمانو بیستمان، کە کارەبا نییەو مۆلیدە دەخەنەوە کار. ئەمەیش ئەو پەڕیی بێزارییە، لە دۆخی ئاوادا بۆ دواوە بگەڕێتەوە.

دووەم( 😆 ) (4400) جار: پێکەنینو گریان واتای وشەو هاوواتای وشەی پراوپریان نییە بۆ وەک دیاریدەیەک لە دنیادا تا ئێستایش لە کاردان. ئیمۆجی پێکەنین( 😆 )، کە (4400)جار، بۆ گوزارشتی پۆستەکەیان داناوە. واتای ئەوەیە، کە ئەوانە گوتەی وەزیریان خوێندووەتەوەو وەک نوکتەگێڕانەوە تەماشاییدەکەن، واتە ئەو پێکەنینە، ئەو پێکەنینانەیە، کە لە داخیداو لە ناخیدا خەڵکەکەی گراندووە. پێکەنین ( 😆 )، لە کاتی بێزارییو نارەحەتیدا ، واتایی جۆرێک لە گریان دەداتەوە، ئەمە جۆرێکە لە تەنزیی ترشو تاڵ (کۆمیدیای ڕەش) لە زماندا ئاودەبرێت. لیرەوەیە دەیانەوێت تانە لە سیستەم بدەنو خەمی خۆیان ئاسانبکەنو ڕاستیە تاڵەکان ئاشکرادەکەن. هاوشان ڕەخنەیەکی قووڵە لە پرۆسەکەیش، لە کارەبای (24)کاتژمێرییەوە بۆ (مۆلیدە) گرتوویانە.

سێیەم(😨) (109)جار: ئیمۆجی تورەبوون (😨)، کە (109) جار بۆ پۆستەکە دانراوە، ڕەنگی ئیمۆجێکە خوێناوییو سووربوونەوەیە، ئەمیش ئاماژە بە ئەوەدات کەسەکە لە ئەو پەڕی تووڕەبووندایە، وەک کوردەواری بۆ ئەم دۆخە دەڵێن: " دووکەڵ لە کوونەلوتی دێتە دەرەوە". ئیمۆجی (😨)ئاماژەی تری لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بە واتای جۆرێک لە گاڵتەجاڕیی دەدات، یان دەکرێت لە ڕێگەی ئەم ئیمۆجییەوە لەسەر گوزارشتەکە بڵێن: بینیمانو بیستمان هاوڕایی نین، چونکە هەموو سنورەکانی ئارامیمان بڕاوە، دەکرێت خوێندنەوە تری بۆ بکرێت، لە بەر سنوری توێژینەوەکە دەوەستین.

چوارەم (😲)(82)جار: ئیمۆجی (😲) سەرسامبوون، بە ڕێژەی (82)جار، لە لایەن هەشتاودووکەسەوە دانراوە. هەندێك واتای هەیە، وەک باوەڕنەکردنو چاوەڕواننەکردن بۆ بڕیارەکەو کەسەکە تووشی شوکبووە، ئەوەندە ئەم بڕیارە لای بێمانابووە. هەندێک کاتیش بۆ جوانی کەسێکو نەبیستنی بڕیارێکی ئاوا جوان بەکاردێت، بەڵام دەکرێت واتای باش، یان تەنزی هەبێت ئەم بیرورایە، دوای قسەکردن لەگەڵ هەندێکیان بە واتایی شۆکبوونی لە خراپی بڕیارەکە ئەم سەرسامبوونە دادەنێن. بە واتای تریش دێت، کە بێدەنگینو قسەمان پێنەمانە، لە ئەم پۆستەدا زیادتر کە بەراوردی کۆمێنتەکانمان کرد، مەبەست لایەنی نەرێنی دانراون.

**پێنجەم**(😢) (28)جار: ئیمۆجی خەمباریی (😢)، بۆ گوزارشتو بڕیارەکەی وەزیر بووە، (28)جار بووە، لە لایەن (28)کەسەوە دانراون. واتای ئەم ئیمۆجیەیش کە دایناوە، واتای ئەوەیە، بۆچی وەزیرێکی کارەبا لە بری چارەسەرێکی باشترکردنی کارەبا پەنا بۆ ڕێنمایی مۆلیدە دەباتەوە.

**شەشەم**(❤️، 🥰) **(30) جار**: ئەوانی تر ڕێژەیەکی کەمن (❤️، 🥰) نزیکەی (30) جار لە لەلایەن سی کەسەوە بووە، ئەمانە بۆ پشتگیریی خۆشویستینی قووڵ بەکاردێن، بەڵام لە دۆخێکی وەهادا بۆ شاردنەوەی تورەییو کۆمێنتە خراپەکانیش دەکرێت.

**2/4) شیکردنەوەی کۆمێنتەکان لە ڕوانگەی زانستی زمانی پەروەردەوە**

دوای خوێندنەوە زۆربەی کۆمێنتەکانی پۆستەکە، لێرەدا هەندێك کۆمێنت لە دەستپێکەوەو ناوەڕاستەوەو کۆتاییەوە وەردەگیرێتو شیکردنەوەی لەسەر دەکرێت. واتە لە یەکەم کۆمێنتەوە، تا ئەوەندەی مەودایی توێژینەوە ڕێگەبدات، کۆمینتەکان وەک خۆیی بە ڕێنووسی خۆی وەردەگرینو لە ڕوانگەی زمانو ڕێنووسو بیرکردنەوەی پەروەردەییەوە شیاندەکەینەوە، بە شێوەی (ئەلفو بێ) ڕیزبەندی کۆمێنتەکان دەکەین، بۆ ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە، بێزیان بێت شیکردنەوەکە، چونکە دوای ڕاوێژیی یاسایی ئەم کارە کراوە (ڕەسول، 2026، چاوپێکەوتنی تایبەت).[8]

ئەلف:کەسەکان زۆرترینیان توخمێ نیرن، کە کۆمێنتیان نووسیووە، یەکێکیان نووسیویەتی: "خەتایی خاوەن مولیدەکانە ئیوەش کارەبانەدەن وەک تاپرتالیهاتوەکاتیک پێویست نەبێت پێتان نالێن".

لە ڕووی زمانو ڕێنووسەوە ئەم کۆمینتەی لە (ئەلف)دا خراوەتەڕوو، گرفتی لە دانانی حەوتی سەر یائەکەو ژێر ڕائەکەو سەر لامەکەیشی دانەناوە. لە ڕووی وشەسازیشەوە، گرفتی نووسانی وشەکانی تێدایە، لە ڕوانگەیی واتاوە، مۆلیدەو خاوەن مۆلیدەکانی، بە ڕاوچیو تاپڕ داناوە، چۆن تاپڕ لە وەرزی ڕاودا باوی هەیە، خاوەن مۆلیدەیش تەنیا لە بێکارەبایدا حکومەت ڕێزیان بۆ دادەنێت. خەڵکیشی بە نێچیری هەردولا داناوە، توانجە لە وەزیرو خاوەن مۆلیدەکان، کە فرسەت تەڵەبەنو خەڵکی دەچەوسێننەوە، لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە، تورەیی لە گوزارشتەکەدا بەدیدەکرێت، بێسڵاو دەستی بە نووسین کردووە، هیچ بەهای بۆ کەسایەتی وەزیرو خاوەن مۆلیدە دانەناوە، هەوڵیداوە بە خاوەن مۆلیدە بڵێت لای وەزیر بەهاتان نییە.

**بێ:** کەسێك خاوەن مۆلیدەیەکی تاگکردووەو نووسیویەتی" دەرگای حیوار دامەخەن" ئەویش لە وەڵامدا نووسیوویەتی" باش نایبینم".

لێرەدا حکومەتو خاوەن مۆلیدەی وەک دوو بەرەی جیاواز باسکردووە، بە گاڵتەوە، تکا لە خاوەن مۆلیدەکە دەکات، کە دەرگا بە ڕووی وەزیردا دامەخەن. واتە وەزیر کە پلەی لە سەروو خاوەن مۆلیدیەیە، پلەکەی بێبەهاکردووەو خاوەن مۆلیدەکەیش وەک دەبینین گوتەی وەزیری بەدڵ نییە، لە ڕوانگەی پەروەردەوە هۆکارێك هەیە، کە بە ئەم شێوەیە قسەبکەن، کە کەمووکوڕیی لە کارکردنی بۆ ژیانی خەڵکی کەمتەرخەمە، هۆکاری تریش هەیە، ئەوەیە لە شوێنێکی نافەرمییەو لە پشتی شاشەوەیە، لە ڕوو بە ڕوودا مەرج نییە بتوانرێت وا گفتوگۆ لەگەڵ وەزیردا بکرێت.

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

**ثێ**: کۆمێنتێکی کورتی ترە، کە یەک وشەی تابوویی نووسیووە و نووسیوویەتی: " وەحە". لێرەدا ئەم وشە بۆ وەزیر شیاو نییە، چونکە وشەی (وەحە) لە زمانی کوردیدا بۆ دەرکردنی مانگا لە شوێنێکدا بەکاردێت، کە چووبێتە شوێنێکەوە کە شوێنی ئەو نەبێت، لە بواری پەروەردەدا ئەم وشە ڕوو بەڕوو لە کاتی جەنگو شەڕوشۆڕی کۆمەڵایەتیدا بەکاردێت، سزایی یاساییشی لەسەرە، بەڵام تورێ کۆمەڵایەتی کە کەسەکان دوورن لە یەکەوە، لە ڕووی شوێن، پایەو دەسەڵات، بێروڕایشەوە جیاوازن ئەم وشانە ئاساییەو دەنووسرێت، وەک دەبینین وشەیەکی نەشیاوە بەتاڵکردنەوەی دەروونە لەسەر دۆخەکە بەکارهاتووە، بەڵام شکانی بەها پەروەردەییەکان دەگرێتەوە.

**تێ**: لە ئەم کۆمێنتەدا، کەسەکە توخمی نێرەو یەک وشەی بۆ وەزیر نووسیووە کە وەزیز خاوەن تەمەنیشە، بۆی نووسیووە " پاشای کارەبا"، لێرەدا سوکایەتی بە وەزیر دەکات لە ڕێگەی وشەی پاشاوە، بێگوێدانە تەمەنو پلەوپایە، هاوکات بە ئاشکرا، هەم وەزیرو کەسوکارو هاوڕێی و هەرکەس لە توریی کۆمەڵایەتی بێت، دەتوانێت ببینێتو لە یاساییشدا وەک بەڵگە مامەڵە لە کۆمێنتدا دەکرێت، بەڵام هۆکاریی ڕامیارییو ستەمی سیاسیی وای لە خەڵکەکە کردووە، پەروەردەی کۆمەڵایەتی بەلاوە بنێتو لە پشتی شاشەوە توانجی خۆی بهاوێت، خۆی خاڵیبکاتەوە، ئەگەر چی لەسەر کەسایەتیشی بکەوێت. پاشا هەموو دەسەڵاتێکی هەیە، بەڵام لە کاتێکی ئاوهادا واتە، وەزیز ئەو پەڕیی بێدەسەڵاتیو توانات نییە، لە ئەدەبیاتی ئەم جۆرە تەنزە پیدەگوترێت: "وەسفی وەکو (عەینەن) زەم"ە، بۆ ئەم کۆمێنتە بەکارهاتووە، کە هێزو وردی لە کۆمێنتەکەدا هەیەو پێچەوانەکەی مەبەستە.

**جێ**: لە کۆمێنتی (جێ)دا، نووسەرەکەی توخمی نێرە، یەک وشەی وەک " کونەویل" بۆ گوزارشتەکەی وەزیر نووسیووە، ئەم وشە لە زمانی کوردیداو لە نەوەی پێشووی پێش دوو هەزارەکان و ئێستایش بەکەمی بەکاردێتو لە کاتی توڕەییدا، منداڵ (گەورە بە گەورە) بە منداڵی دەگوت: (کونەویل)، کە وشەیەکە لە چێوەی (مناڵباز)دایەو زۆر ناباوە، کە تەواو تابۆویە[9] (Taboo)، دەربڕێنیشی جۆرێکە لە ئاسایکردنەوەو تابۆ شکینیەو بەهاکانی پەروەردە بریندار دەکات، چونکە سەبارەت بە وەزیر نووسراوە، بەڵام بە هۆی ناخۆشی دۆخەکەوە، دەروونی خۆی خاڵیکردووەتەوە، بۆ تاوێك لە داخی تارکی ماڵەویان دەکرێت بەدەست ئەمەی نووسبێت، بەڵام جۆرێک لە پەروەردەو کەسایەتی کۆمێنتنووسەکەیش بە نارِاستەوخۆ، لە گۆشەی زانستی زمانی پەروەردەییەوە دەردەخات.

**حێ**: ئەم کۆمێنتەدا (حدێ)دا، کۆمێنتنووسەکە ئافرەتە، دۆخەکە زیادتر شیدەکاتەوەو دەڵێت" قۆڵبڕینەوەی حکومەت نەوەستا نۆرەی ئەوانە" وەک لێرەدا دەبنرێت، بە هۆی سەختی دۆخەوە، هەردوولا بە قۆڵبڕ ناو دەبات. قۆڵبڕ بە کەسێك دەگوترێت، لە کاتی کڕینو فرۆشتندا خۆڵ لە چاوی کڕیارو فرۆشیار دەکات، وای لە ئەم کەسە کردووە، حکومەت بە کەسی قۆڵبڕ ببینێت.

**خێ**: لە ئەم خاڵێ (خێ)دا چەند کۆمێنتێك وەردەگرین، وەک هەڵبژاردە، شیدەکەینەوە، بۆ نموونە: " ئەی تۆ ئیشت چییە وەزیر" ، یان " دەمو لیچی لە گێلدەچی"، یان ،"دەوڵەتی کوردیمان ڕۆ"، "گۆلک یا دکتۆر پێش هەفتەیەک چت گوت، یا کزابین ..."، یان " پرۆژەی دزی بمورن، باشترە پاش (35) ساڵ ساری فانۆسێ پێبکەین دارِزێن باشترە"، "خوا ڕووت ڕەشکا، گەر سێ سەعاتیش هەڵی کەن" ، " فس حۆ".، " ڕوتان ڕەش بێ بۆخۆتان و درۆتان لە (24)کاتژمێر خوا هە ڵناگرێ (3) کاتژمێر کارەبا تان هە ڵکرد (10) بۆ یەکی شەو خوا لە ناوتان بە رێ بۆ خۆتان و پرۆژەتان هە ر ویستان کارەبا لە سەر ئەو خەڵکە گران کەن کە ئەوە ش فێڵێکی تر بوو لە وخە ڵکەتان کرد"، " بەشکم ڕۆژی ئێوە بە شێوەیەک کۆتایی بێت کە بە بلۆک سەرتان پانکەنەوە"، یان " فاشلترین حوکمەت وفاشلترین پرۆژە لەسەر ئاستی هەموو دۆنیا "، " Vترررررحییوووو"، " ئەگەر یەک زەڕە شعورو کەرامەت و غیرەتان هەبێت سەرتان شۆڕدەکەن و وڵات بەجێ دێڵن"، " مولیدە ی گە رە کی خوتان بە قسە ت ناکات"، " عمرتانمنت. خوا. گلوگرتان. بکت"، " شەڕ ڕوسیاو ئۆکرانیا ڕویدا ڕۆن لەهەرێم گران بوو شەڕ لەتاران ڕویدا کارەبای ڕوناکی ڕووووووی لە تارکی کرد چۆ ن ڕوتان دێ قسەبکەن"، " برارۆ زۆلن 😂"، " ترحححححێێێێێیوووووو"، " هۆری هۆری... 😄 😄 🤪"، " هەهەهەهە هەرزوو زانیم چ گەواوێکیت"، " تففف لەوکەلە سەرە ناشیرینەت بەقەد دەبەیەکی ٢٠لیتری دەبێت ، کۆیلەی دەسەڵات ،، کوا کارەباتان کواموچەتان گەوادەکانی دەسەڵاتی دزومافیا"، " گوبخۆ خویری گەواد"، گوی ڕوناکی بەر ترێکی نەگرت وەک سەرۆکو جێگرە کەی وایە هەمووی فشەدەرچوو بەس بۆ ڕووتانەوەی خەڵکە لە ئێران شەڕە کارەبای نابڕێ لێرە نیە کارەبا دەک داوەشێن"، " داوەشێێ گەلحۆ".

لە ئەم بیست کۆمێنتە یان زیادترەدا، وشەی نەشیاویی یەکجار تێدایە، هاوکات شکانی یاسای دەنگسازیی کوردیی تێدایەوەک:/ حححححح، ۆۆۆۆۆۆۆ/، لە زمانی ئاخاوتنداو زمانی پێوانەبەند(ستاندارد) دەگمەنە، کاریی و بکرێت، بەڵام لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ جەختی زیادتر بەکارهاتووە. هاوشان تابۆی تێدایە، لە لە ئاساییو ئاخاوتنی ڕۆژانەدا ئەم کەسانە بە سانایی ناتوانن ئەم وشانەی وەک: {گوبخۆ، گوی ڕوناکی، گەلحۆ، گەواد، خوێریی، کۆیلە، کوونەویل، حەمرتان نەمێنێت، ڕووتانرەشبێتو...هتد}، لە کۆمێنتەکاندا بەکارهاتوون لە ڕووبەڕودا ناتوانن بەکاریبهێنن، ئەگەرچیی ئەم وشانە بۆ خۆخاڵیکردنەوەو ناخۆشی دۆخو سوکایەتی بە حکمومەت دەردەخات. هەندێك وشەو دەربڕاویی توندوتیژییو هەڕەشەئامێزیی وەک:{ بە بلۆک سەرتان پاندەکەمەوە} تێدایە، لە ژانیی ئاساییدا قورسە بۆ ببەبەکارهێنان. هاوشانی ئەمانە جۆری کۆمێنتەکان دەتوانین بەش بەشبکەین‌و ڕێزکارییەکیان بۆ بکەین، چونکە ئەوەندە باشە کە لێرەدا شیکردنەوەمان بۆ کردوون وەک موشتێك نموونەی خەروارێک کراوە، بە خوێندنەوەی کۆمێنتەکان مەبەستی کەسەکان زۆرجا ئاسان لێیتێدەگەین، بۆیە شیکردنەوەی زیادتر ناکەین، بەڵکو وا بە باشتر دەزانین ئەو کۆمێنتانە پلێندبەند بکەین‌و وەک وەچە تیۆریش بۆ کاری تر لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریپێبکرێت، بە ئەم شێوەیش ئاسانتر دەتوانین لە ڕای خەڵکیو ڕادەی بیروڕایان شیبکەینەوە کۆمێنتەکان دابەشدەکەین بە نموونەوەو شیکردنەوەوە ، لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینەڕوو، واتە ئەو چوار هەزار کۆمێنتە بەسەر ئەمانەدا دابەشدەبن، وەک { کۆمێنتی تەنزی تاڵ (کۆمیدیای ڕەش)، کۆمێنتی بەراوردکاریی، کۆمێنتی نائومێدبوون، کۆمێنت ئابووریی خەڵکیو...هتد}، واتە دەتوانین بە ئەم شێوەیە کۆمێنتەکان دابەش بکەین، لە پاشکۆدا بە درێژی باسکراوە.

**2/5). کارەکیکردنی پیتەکانی پەروەردە، لە ڕوانگەی کۆمێنتەکانەوە**

ئێستا لە ڕوانگەی پەروەردییەوەو خوێندنەوەی وشەی پەروەردەی بەسەردا هەندێك لە کۆمێنتەکاندا جێبەجێدەکەین، تا بزانین کۆمێنەتەکانیش خەمی قووڵی خەڵکی تێدا چڕکراوەتەوە.، خاوەن بەهان، بەڵام هەندێك پیتەکان لەگەڵ پیتێکی تر شیدەکەینەوە، واتە لە چێوەی حەوت خاڵدا شیدەکردنەوە دەکرێت.

**یەکەم:** وزە لە کەسەکاندا هەیە کە ئەو چوار هەزار کۆمێنتەیان نووسیووە، بەڵام زۆربەیان وزەکەیان بۆ شکانەوە و سوکایەتی بە وەزیر، حکومەت، هەندێك کات خاوەن مۆلیدە بەکارهێناوە، لە ڕووی پەروەردەییەوە، ئەم وزە بە دروستیو لە خزمەتی خەڵکی بەکارنایەت.

**دووەم:** ڕێکخستن‌و بنەمای ڕێکوپێکبوون: لە ڕوانگەی زمان‌و ڕێنووس زۆربەی کۆمێنتەکان، هەڵەی ڕێنووس تێدایە، یاسایی زمانی تێدا شێکنراوە وەک :{ترحیووووو}، کە لە زمانی ئاساییدا تا دوو (و) زۆر بڕوات سێ واو دەنووسرێت. لە ڕوانگەی ڕێکوپێکی دەربرین‌و واتاوە، وشەو ڕستەکان هێندە بە تورەی نووسراون لە شێوەی ڕەخنەوە بۆ سوکایەتی پەڕیوونەتەوەو هەندێکجار چوونەتە دۆخی توونتیژیی زمانییەوە وەک دەربڕاوی { سەریان بە بلۆک پانکرێتەوە}، بەڵام ڕێکخستنی ژیانی خەڵکیان لە ڕێگەی کۆمێنتەکانەوە بە وەزیر و کارەبەدەستان‌و خەڵکی بە گشتی گووتووە.

**سێیەم:** لە ناو پەروەردەدا، یەکڕیزیی و متمانەبەخۆبوون هەیە: ئەوانەی کۆمێنتیان نووسیووە بڕوایان بە خۆیان هەیەو نەترسن، بەڵام متمانەیان بە ئەوان نییە دۆخەکە بگۆڕن‌و خۆشیان هەستدەکەن هێچیان پێناکرێت، بۆیە بە جنێو و توانجو سوکایەتی دەروونی خۆیان خاڵی دەکەنەوە.

**چوارەم:** لە ناو وشەی پەروەردەدا واتای ئامانج هەیە: ئامانجی کۆمێنتەکان، ڕای خۆیان دەردەبڕن بۆ چاکردن‌و باشترکردنی دۆخەکە، بەڵام هەموویان لە ئامانجەکەیان کە نایەتەدی لە ئەم کاتەدا، ناچار ئامانجەکەیان بۆ سوکایەتی، توانج، سووکردن، بێبەهاکردن، شکاندنی شکۆی حکومەتو بازرگان گۆڕیووە.

لە ناو پەروەردەدا، بە های بەهرەداریی هەیە: هەموو ئەوانە وەک مرۆڤێک خاوەن بەهرەو خوێندەوارن، بەڵام بەهرەکەیان ناتوانن گەشەپێبدەن، بە هۆیی دۆخی خراپی ئابوورییەوە لە بری دەستخۆشی ناخی خۆیان دەرخستووە.

پێنجەم: ئارەزودروستکردن لە کۆمێنتەکاندا هەیە: ئارەزووەکانیان باشتکردنی دۆخی کارەباو بژێوییە، بەڵام نەگەیشتوونە ئەوەی بڕوا بە ئارەزووەکەی خۆیان بهێنن، بۆیە لە کۆمێنتەکاندا دیارە ڕەشبینین‌و دەروونی گوشراو و ماندووە.

**شەشەم:** دۆخی گەشەکردن: تەنیا لە ڕوانگەیی کارەباو گرانی کارەباو مۆلیدەو پارەی زۆرەوە، هەستدەکەن دۆخی گەشەیان وەستاوە، بۆیە واتووڕەن.

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

**حەوتەم:** لە ناو پەروەردەدا لایەنی نەتەوەیی هەیە: لە ناو کۆمێنتەکانیش بە زمانی کوردیی نووسراوە، کە یەکێکە لە بنەماکانی نەتەوەی کورد. واتە ئەوانەی کۆمێنتیان نووسیووە، هەمووی کورد زمانو نەتەوەیین، بەڵام دۆخی ئابوریی وایکردووە، دوای رووبارێک لە خوێنی شەهیدان، کەسانی کوردزمان، بەرانبەریی کاربەردەستتان ڕەشبینن، بەرانبەر داهاتووی نەتەوەکەیان، بە هۆی ڕامیاری کارەکانەوە، نەتەوەکەی خۆیان داوەتە بەر نەشتەری زمان بۆ ئەوەی باشبن.

لە کۆتایدا لە گۆشەنیگای زمانی کوردی بەکارهێناوە دەتوانین بڵێن: "وێبسایتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی، کاریگەری دیاریان لەسەر زمانەکانی جیهان و لە ناویشیاندا زمانی کوردی هەیە. لە ئەنجامدا جۆرە زمانێکی شکاوی کوردی لەگەڵ تەکنەلۆجیا پەرەیسەندووەو چەندین وشە و زاراوەی نوێ هاتونەتە ناو زمانەکەو زۆرجار بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، کە زۆربەیان لە چینی گەنجان پێکهاتوون، وا هەستدەکەن کە تیکشکاندنی زمان ڕێگایەکی سەرنجراکێش و ئاسانە، بۆیە بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەو شێوازە نافەرمییە ئاست نزمە نوێیانە بەکاردێنن. بە جۆرێک شێوازەکە تەنیا لە چوارچێوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان قەتیسنەبووە، بەڵکو بەکارهێنەران هەندێکجار لە دەرەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش پەنای بۆ دەبەن.کاریگەرییەکانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە لە زۆربەی ئاستەکانی زمان بەدەر کەوتوون، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەلفوبێی فەرمی، کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئەلفوبێی یونیکۆدە، پشتگوێخراوە و کەمترین بەکارهێنەریی هەیە. لە بەرانبەردا چەندین جۆری ئەلفوبێی نافەرمی بەکاردێن کە لە زمانەکانی دیکەوە وەرگیراون یاخود لەلایەن بەکارهێنەرانەوە دروستکراون.لە ئاستی وشەسازیدا چەندین وشە و مۆرفیمی نوێ هاتونەتە ناو زمانەکەوەو وەک ( ئەکرۆنیم و کورتکردنەوە و تەعبیرەکان/ دەربراوەکان) بە بەربڵاوی بەکاردێن. قسەکەران بە گشتی یاساکانی ڕستەسازی زمان پەیرەو ناکەنو بە زمانێکی شکا و دەدوێن و دەنووسن. لە ئاستی واتاسازیشدا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانی واتایی سینکرۆنیکی بەرچاویاندروستکردووە، بۆ زانیاری زیادتر بڕوانە (خالید، 2017، - 180-188)0

## 2/6) پوختەیەک لە سەر جیاوازیی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان

زمان، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ڕووبەڕوو بەکاردێتو کەسەکان تا ڕادەیەکی باش دیاریکراون، چێوەی ئاخاوتنەکە دیاریکراوە، کەسەکان (نێر/مێ) دیاریکراون، بۆنەکەیش تاڕادەیەک دیاریکراوە، تەمەنی کەسەکانو پیشەی کەسەکانو توخمی کەسەکانو ڕادەی خوێندەوارییو چینی کۆمەڵایەتیو نیشانەی کۆمەڵایەتیو شوێنی کۆمەڵایەتی (گوند/شارە)..هتد، بەڵام پەیوەندییی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت بۆ پەیجەکان کە گشتین هەموو شتەکان کە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا هەیە، گۆڕانی بەسەردا دێت، کەسەکان بە تەنیا لە پشتی شاشەیەکەوە، هەندێك کات بە ناوی خوازراوە، دووری کەسەکان زۆرە، ئەو کات شەرم کەمدەبتەوە، چاودێریی زمانی نامێنێتو وشە تابۆکان بە ئاسانی دەنوسێتو دەروونی خۆیانی پێخاڵیدەکاتەوە، شاشەکان مەودای بینین و بیستیان زۆر زیاد کردووە، بێئەنداز لە شاشەکانەوە دەبینینو دەبیستین، ئەم بینینو بیستنە زۆرە، زانیاریی فرەخۆریش دەهێنێت، بە جۆرێک تۆریی کۆمەڵایەتی منداڵیش بەکاربهێنێت تەمەنی گەورەدەکاتو قسەی گەورەن وەردەگرێتو بەکاردەهێنتەوەو سود لە منداڵی کەمتر دەبینرێت. زمان لە هەردووکیاندا بەکاردەهێنێرێت، زمانی ڕووبەڕوو وێنەو سۆزی کەسەکە لە خەیاڵی بەرانبەردا دروستدەکاتو زمانی جەستەیش کارایەو ئاڵوگۆری وزەی نێوان ئاخێوەران دەکات، بەڵام لە تۆری کۆمەڵایەتیدا زمان دەکرێت بە وێنەو وێنەی نووسینو ئەمانەیش بە ڕێژەی کەمتر بیرکردنەوەی کەسەکان دەگوازێتەوەو...هتد، بەڵام لە کۆتایدا دەڵێن: گرنگە هەموو کەسێک بەرپرسیارانە مامەڵە بە نووسینی خۆیەوە بکاتو لایەنی پەیوەندیداریش گوێ لە خەڵکی بگرن لە ژیانی ئاسایدا، ئەم هەمووە گفتوگۆ بەرکەوتنانەی ناو تۆرەکان کەڵەکەنابن، لێرەدا کۆتای بە توێژینەوەکە دەهێنین.

## ئەنجامەکان

لە ئەم توێژینەوەدا، بە ئەو ئەنجامە گەیشتین، زمان هەر زمانە، بەڵام کاتێك بواری ئاسایی‌و بواریی پەروەردەی حکومی‌و لە تۆڕی کۆمەڵایەتی کە بەکاردێت، بە هۆی مەبەست‌و گۆڕانی ژینگەی ئاخاوتنەوە وشەو دەربراوەکانی زمان دەگۆڕێت توێژینەوەکە دەریخستووە کە پەروەردە لە فەیسبووکدا ڕووبەڕووی ئاڵۆزیی بووەتەوە، کۆمێنت نووسین لە بری ئەوەی ئامرازێکی پەروەردەیی بێت بۆ فێربوون، زۆرجار بووەتە ئامرازێک بۆ بەتاڵکردنەوەی فشارە دەروونییەکان و سەرنجڕاکێشانی گشتیی.. هتد، زمانێکی شکاوەو دەقی قسەکان دەچێتە بواری گوتاری ڕقئامێزەوە. هاوشان تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان کاریگەریی لەسەر ئەوە کردووە، کە زمانی بازاڕی‌و ئاسایی ڕۆژانەو بابەتە تابۆکان لە نووسیندا بەکاربهێنرێت، شەرمو چاودێریی نووسین (لاتینی+ئینگلیزیی، کوردییەکی شکاو) و ڕێنووس لە تۆڕی کۆمەڵیەتی‌و نووسینی کۆمێنت لەسەر گوزارشتەکان کەمتر دەکرێت. مەبەستەکانی پەروەردە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردێت، بەڵام ڕەچاوی دۆخی کەسی‌و گشتی کەمتر دەکرێت‌و زیادتر بۆ خاڵیکردنەوەی دەروون، یان هەندێك کات بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵکەو هەندێك کاتیش خەڵکی لە تۆڕێ کۆمەڵایەتی زۆر لە گرفتێک دەدوێن، حکومەت چارەسەری بۆ دەدۆزیەوە، واتە کاریگەرییان لەسەر بواری ڕامیاریی هەیە.

لە نووسینی کۆمێنتەکاندا، تەماشایی ناوی کەسەکان نەکەیت، ناتوانیت جیاوازی لە نیوان، توخمی نێرو مێ، منداڵ‌و ساڵمەندو...هتد، کەمتر بکرێت، تورە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بە شێوەی دیجیتاڵی کردووەو کەسە دوورەکانی لە یەکتریی نزیکردووەتەوەو نزیکەکانیشی کەمێك لە یەکتریی دووور خستووەتەوە، چونکە زۆربەی مرۆڤەکانی واڵیکردووە، کرنووشی پێوستی‌و کات بەسەربردنی پێبات، کە سەرداخستنە بەسەرشاشەکاندایە، بووە بە پێوستیەکی ڕۆژانەو پیوستە هەمووان بتوانین خۆمان لە ئاستیدا ڕامبکەین. وەک شیکراوە، لە ناو کۆمێنتەکاندا بۆ مەبەستی و جۆری جیاواز هەیەو بیری لێکراوەتەوە، وەک پەرلەمانی نافەرمی خەڵکی لێهاتووەو جێگەی پەرلەمانی دەستبەکارنەبووی گرتووەتەوە.

## سەرچاوەکان


### ا. بە زمانی کوردیی:

- **قورئانی پیرۆز**
- ڕەسول، عیزەدین مستەفا(2028). *ئەحمەدی خانی*، چاپی یەکەم، لەسەر ئەرکی فاروقی مەلا مستەفا چاپکراوە، چاپخانە، .... ، سلێمانی.
- حەمەڕەش، هێمن حەتەم، (2025). *فەلسەفەی پەروەردە (خوێندنەوەیەک بۆ بەشی زانست لە سەحیحی ئیمامی بوخاریدا)*، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی سەنتەری زەهاویی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی، سلێمانی.
- ساڵەح، عەبدولقادر (2014). *دەستوری عیراق*، جاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی.
- شیرازیی، شێخ موسڵەحەدین سەعدی (2020). *گوڵستانی سەعدیی*، و: مستەفا سەفوەت، چاپی پێنجەم، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە.
- خالید، هیوا سەلام (2017). کاریگەری تورەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمانی کوردیی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە (10)، ڕاپەڕین.
- فەرج، شاخەوان جەلال (2013). *تابۆ وەک نموونەیەکی زمانو کلتور*، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- فەقێ ئەمین، هەوار عومەر (٢٠٢٢). *بنەمای زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندندا*، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
- ........................................... (2025). *فەلسەفەی پەروەردە لەسەردەمی دجیتالیدا لە ڕوانگەی فێربوونی ئەزموونی کۆڵب*، گۆڤاریی زانکۆی سلێمانی، بەشی بی، بەرگی یەکەم، ژمارە (1)، سلێمانی. ل: [518-546].

- ....................................... (2026). *شیکردنەوەی وشەی پەروەردە، نەخشەیەکی تەواو بۆ پەروەدەی مۆدێرن*، گۆڤاریی یادنامە، ژمارە (80)، کانوونی دووەم، سلێمانی.
- کەریم، ڕزگار، (٢٠٠٦). *فەرهەنگی دەریا (عەرەبیی – کوردیی)*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیحسان، تاران.
- کانک، ئەلیزابێز (2021). *زمانی جەستە، و: شەپل مامەش، چاپی سێیەم، چاپخانە: .....، سلێمانی.*
- هواس، عمار نجم الدينو نجار، سباح احمد (2025). گوتاری ڕقئامێز لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا" ۆرەی سێبەری پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە فەیسبووک بە نموونە" گۆڤاری زانکۆی کۆیە، بەرگی ژمارە (8)، ژمارە (1)، کۆیە،

**بە زمانی فارسیی**

- عمید، **حسن (١٣٤١) .** فرهنگ عمید *(فرهنگ مفصل و مصور فارسی به فارسی)* .چاپ هفدهم، تهران: انتشارات علمی و فرهنگی سپهر.

**پ. بە زمانی عەرەبیی**

- اسلماعيلو علي سيد (2020). *مواقع التواصل الاجتماعي بين التصرفات المرفوضة والاخلاقيات المرفوضة*، الاسكندرية، دار التعليم الجامعي.
- ناصر، أحمد سيد وآخرون (2008) *.المعجم الوسيط*، ط1، دار إحياء التراث العربي، بيروت.
- طنطاوي، أبوعبدالرحمن عرفة بن. (٢٠٢٢). عناية الإسلام بتربية الأبناء كما بينتها سورة لقمان.

**ت.بە زمانی ئینگلیزیی**

- **Collins COBUILD (1995)** *Collins COBUILD English dictionary*. London: HarperCollins.
- **Levy, S. (2020).** *Facebook: The Inside Story*. New York, NY: Blue Rider Press.

**ب. چاوپێکەوتنی تایبەت:**

- **نێرگسەجاریی، عەبدوڵا عەبدولعەزیز، مامۆسایی ئایینیو بیرمەند، *پەروەردەکاروو چاکسازییکار*، (2026/3/3)، سلێمانی.**
- **ڕەسول، جەمیل محەمەد، پارێزەری ڕاوێژکار/ ماستەر لە یاسادا، بەکارهێنانی *زمانی ئاخاوتنو نووسین لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا*، 2026/3/4، سلێمانی.**

**ت. ماڵپەڕیی ئەلیکترۆنی:**

- Kemp**, S. (2024).** *Digital 2024: Iraq*. Datar portal; Published in partnership with We Are Social and Meltwater. Available at: https://datareportal.com/reports/digital-2024-iraq
- Kirkpatrick**, D. (2011).** *The Facebook Effect: The Inside Story of the Company That Is Connecting the World*. New York: Simon & Schuster.
- Google. (2026). Google Gemini وەرگیراوە لە ڕێکەوتی [زیرەکی دەستکرد]. (وەشانی ٣ فلاش) ٦ی ئازاری

Meta **Platforms, Inc. (2024).** *Company Info: Our History*. Meta Newsroom. Available at: https://about.meta.com/company-
- info/https://www.facebook.com/share/p/1CNA7b9y4b/?mibextid=wwXIfr

**پوختە**

زمان، ئەركی سەرەكی ئەوەیە، بیركردنەوەیی مرۆڤەكانە بە یەكتریی بگەیەنێتو هەر زمانە، گەوهەریی پەروەردەیی تاكەكانیش دەگرێتەوە. ئەم توێژینەوەیە، كە ناونیشانی (**ڕەنگدانەوەی پەروەردە لە گوزارشتی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكاندا (كۆمێنتە پێكەنینهێنەرە ختووكەدەرەكان گریاندمیان)**ی وەك نموونە، بۆ دانراوە، توێژینەوەیەكە لە ڕوانگەی زانستی زمانی پەروەردەییەوە توێژینەوەی تێدا دەكرێت، بە ئەو پێیەی زمانو نووسینی بەگشتی و كۆمێنتیش بە تایبەتیی پەروەردەی دەوێتو سادەترین پێناسەی پەروەردە بریتییە لە: ئاخاوتنو كردارو نووسینە، لە شوێنو كاتی خۆیدا بێت. ئەو پرسیارانەی كە وەڵامدەدرێنەوە بریتین لە: ئایا تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان ڕۆڵیان لە بەزاندنی سنوری پەروەردەی تاكدا هەیە؟ تا چەند لادانی زمان لە بەهاكانی پەروەردە بەدیدەكرێت؟ بۆچی وایە؟ ڕەنگدانەوەو كاركردنی هەستەكانو ڕێژەی هەستەكان لە تۆڕەكۆمەڵایەتییەكاندا چەند ڕەنگی داوەتەوە، چەند ڕۆڵیان لە لادانی پەروەردەیی تاكەكان لە نوسینەكانی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكاندا هەیە؟ توێژینەوەكەیش لە دوو بەش پێكدێت.
**یەكەم بەش:** بۆ لایەنی پەروەردەو زانستی زمانی پەروەردەییو پەیوەندی بە زمانەوە تەرخانكراوە.**دووەم بەش:** بەشێكی كارەكییەو پۆستێكی فەرمی بڵاوكراوەی (وەزیریی كارەبا) وەرگیراوەو كۆمێنتە نافەرمییەكانی تۆڕی فەیسبووك كە بیریی لێكراوەتەوەو ئینجا نووسراوە، شیكردنەوەی لە ڕوانگەی بنەماكانی زاراوەی پەروەردەوە كە وەك تێۆریی بەكارهێنراوە- توێژینەوە لە كۆمێنتەكاندا كراوە، لێرەوەیە هەوڵدەدات بە وردی لە ڕێگەی پۆستەكانی فەیسبووكو ئەو گوزارشتانەی كە بۆ پوستەكە نووسراون، ڕەنگدانەوەی پەروەردە لە نووسینەكانیاندا دەربخرێت، پاشان ڕێژەی گوزارشتو ئاماری ناوەڕۆكی گوزارشتەكان شیكردنەوەی زمانەوانی پەروەردەیی بۆ دەكرێت، یەكێك لە ئەنجامەكانی بریتییە لە: نووسین بە شێكە لە بیركردنەوەی هیواشو لایەنی پەروەردەیی كەسەكانو گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكانی سەردەم لە بواری بیركردنەوەو پەروەردەیی تێدا ڕەنگیداوەتەوە، لایەنێكی نەرێنی دەروونی تاكەكانەو جۆرێك لە خۆخاڵیكردنەوەی دەروونی تێدا دەبینرێت، كە زمانی كوردیی سیخناخ كردووە، لە وشەی ناشیرینو جنێو بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ستەمەی لێیانكراوە.

**پاشكۆی ژمارە (1)**

**ئەو چوار هەزار كۆمێنتە نووسراوە، دەتوانین لە ئەم چوار جۆرەدا پوختەیبكەینەوە:**

1. **كۆمێنتی تەنزی تاڵ (كۆمیدیای ڕەش):** نموونەی كۆمێنتەكانی لەسەر گوزارشتو بڕیارەكەی وەزیر بریتییە لە: كەسەكە توخمی نێرەو نووسیوویەتی: "جەنابی وەزیر، ئەی ئەگەر مۆلیدەكەشمان سووتا، ڕێنماییت چییە؟ برۆینەوە سەر چای كەتان و كێلۆن؟" یان "وەزارەتی كارەبا گۆڕا بۆ 'وەزارەتی هاندانی مۆلیدەكان'.. دەستخۆش بۆ ئەم دەستكەوتە گەورەیە!" وەك دەبینین، بە دەستخۆشی وەزارەتەكەی لە فەرمییەوە بۆ نافەرمی بە تەنزی تاڵ دەباتەوە، ئەمەیش ئەو پەڕیی تەنزیی بە هێزو نارەحەتییە.
2. **كۆمێنتی بەراوردكاریی:** لێرەدا دامەزراویی یاساییو فەرمی لە كۆمێنتەكەدا بەراورد بە كەرتی تایبەتی دەكاتو دەنووسێت: "وەزیر لە هەموو دنیادا كارەبا دابین دەكات، لای ئێمەش ڕێنمایی مۆلیدە دەدات. وەك ئەوە وایە وەزیری تەندروستی بڵێت نزای چاكبوونەوە بكەن!" یان لە كۆمێنتێكی تردا دەڵێن: "ئێمە وەزیرمان بۆ ئەوە دەوێت كارەبای نیشتمانی چاك بكات، نەك ببێتە وتەبێژی مۆلیدە ئەهلییەكان" . لێرەدا ڕۆڵی وەزیر سفر دەكاتەوە، دەڵێت: لە ڕێرەویی خۆی لایداوە
3. **كۆمێنتی نائومێدبوون:** لە كۆمێنتەكانەوە نائومێدیی قووڵ دەردەكەوێت، وەك كەسێك نووسیوویەتی: "وەزیر لە هەموو دنیادا كارەبا دابین دەكات، لای ئێمەش ڕێنمایی مۆلیدە دەدات. وەك ئەوە وایە وەزیری تەندروستی بڵێت نزای چاكبوونەوە بكەن!" یان كەسێكی دی نووسویەتی: "ئێمە وەزیرمان بۆ ئەوە دەوێت كارەبای نیشتمانی چاك بكات، نەك ببێتە وتەبێژی مۆلیدە ئەهلییەكان" . وەك دەبینین كۆمێنتەكان بە وردیی نووسراونو بیری تەواوی لیكراونەتەوە نائومێدیی زۆری پێوە دیارە، پیوستە ئەم بیروڕایانە بەهایان بۆ دابنرێت، چونكە ئاوێنەی ژاینی كۆمەڵایەتی پیشاندەدات.
4. **كۆمێنی ئابووریی:** لێرەدا دیوێكی تری وتەكەیان بە وەزیر گتووەتەوە، كە بۆ وەزیر نووسراوە. "بەرێز وەزیر، مۆلیدە بە خۆڕایی ئیش ناكات، ئەگەر نیشتمانی نەبێت پارەی مۆلیدەمان بۆ بدەن، ئەو كاتە هەڵیان دەكەین.". وەك دەبینین بە وەزیر دەڵێن، بێئاگان لە باخەڵی خەڵك كە لە كوردەوارید ا دەڵێن: " باخەڵی

سەوزەڵەو خانم دەڵێیت" ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە هیچ پارەیەک لە باخەڵیدا نییەوە دۆخی ئابوریی لە خراپترین دۆخدایەو وەزیر لیبێئاگایە[10].

وەک دەبینین، جۆری کۆمێنتەکان جیاوازن‌و پیکەنین‌و دڵەکانیش خوێنی بریندارىی کۆمەڵایەتی و خراپی دۆخی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان دەردەخات، بە هیواین لە لایەن عێراق‌و کاربەدەستانی هەرێمەوە دۆخی خەڵکی بەرەو باشتر بچێت.

---

[1]– وشەی کۆمێنت (comment) لە رووی پیتەوە، لە (1) بۆ (8000) پیت دەگرێتەوە، یان لە یەک (ئیمۆجییەوە)، بۆ زیادتر لە (1600)وشە بر یەک کۆمێنت دانراوە، بۆ زانیاریی زیادتر بڕوانە: (جیمینایی: 2026) . گوازارشتیش مەبەستی نووسینی پۆستە نووسراوەکەیە کە بڵاوکراوەتەوە کۆمێنتیش بۆ قسەکردن لە سەر پۆستەکە بەکارهاتووە، ئەگەرچی هەردوو وشەو زاراوەکە، وەک نیمچە هاوواتایش، واتە نزیکی لە واتاوە بەرانبەر یەکتریی بەکارهاتوون، هۆکارەکەی ئەوەیە لە وشەی کوردییەکە تێگەیشتن زیادترە، واتە جۆرێکن لە نیمچە هاواتای یەکتریین، گوزارشتو کۆمێنت نزیک لەیەکەوە، بەڵام گوزارشت لە ئەم توێژینەوەدا پۆستەکەیەکەو کۆمێنت لە سەر گوزارشتەکان کراون.

[2]– لە دەستوری عێراقدا، لە پێشەکێکەیەوەو لە مادەکانی سەرەتایدا، جیاکاریی ئایینیی‌و نەتەوەییی‌و تێکەڵبوونی ئایین‌و بنەماکانی دیموکراسی دەبینرێت، بۆ زانیاریی زیادتر بڕوانە: (بڕوانە: ساڵەح، 2025، 1-6).

[3]– بۆ زانیاری لە سەر زانستی زمانی پەروەردەییی‌و پێناسەکانی لە روانگەی زانایانی وەک سپۆکلییی‌و ...هتد، بڕوانە: **(فەقێ** ئەمین،2023، 11).

[4]– بۆیە دەنینین بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵاتییەکان لە ئەمریکا، رۆژانە دیاردەی گوتاری رقئامێزو توندتیژییی‌و گوتاری رقوکینەو توندوتژییی‌و هەراسانکردن‌و سوکایەتیکردن‌و بێڕێزیکردن لە تۆرەکاندا دەبینرێت، راپرسییەک لە سەر بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە ئەمریکا دەریخستووە، لە (47٪) بەشداربووونی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان جۆرێک تووشی هەراسانکردن‌و بێڕێزیکردن‌و یان سوکایەتیکردن بە شێوەی لەسەر هێڵ بوونەتەوە، بۆ زنایاری زیادتر بڕوانە: (هەواسو نەجار، 125،2025- 133 ).

[5]- تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، یەکێکە لە کاریگەرترین پلاتفۆرمەکانی سەدەی (21)، کە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا دروستکردووە. لێرەدا کورتەیەکی زانستی لەسەر مێژوو و دروستبوونی دەخەینەڕوو، فەیسبووک لە لایەن **(مارک زوکەربێرگ)** و هاوژوورەکانی لە زانکۆی هێرڤارد (ئیدواردۆ ساڤێرین، ئەندرو مککۆڵم، دستین مۆسکۆڤیتز و کریس هیوز) پەرەپێدراوە. سەرەتا ناوی پرۆژەکە بە **(The Facebook)**دەستپێکرد، لە ڕێکەوتی (4) **ی، شوباتی (2004)** بە فەرمی ڕاگەیەندراوە، بۆ هەرکەسێك تەمەنی سەرو (13)ساڵ بێت (لێڤی، 2020، 50)0 لە جیهاندا نزیکەی (3) ملیارکەس بەکاری دەهێنێت، لە عێراقدا لە ساڵی (2024-2025) نزیکەی (19) ملیۆن کەس، کە دەکاتە (43٪) بەکاردەهێنن، لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (3-4)ملیۆن کەسو خەڵکی بە شێوەی لەسەرهێڵ (ئۆنلاین) بازاڕیشی پێدەکەن. (جیمینایی: 2026) .

[6] –https://www.facebook.com/share/p/1CNA7b9y4b/?mibextid=wwXIfr

[7]- زمانی جەستە، لەگەڵ تەمەنی مرۆڤدایە، ئەگەرچی زمانی جەستە تەمەنی بە درێژایی تەمەنی مرۆڤە، لەگەڵ ئەوەیشدا وەک زانست بۆ ساڵی (60) دەگەڕێتەوە، ئەگەر کەسێك ساتێك بێدەنگیش بێت لە ئەو ساتەدا کۆمەڵێك پەیام لە جەستەوە بە بێدەنگی بەیان دەکات. واتە زمانی جەستە، لە جەستەوە بۆ جەستە پەیام بەیاندەکات، تەنانەت لە کاتی ئاخاوتنیشدا، بۆ زانیاریی زیادتر لەسەر زمانی جەستە، بڕوانە: (کانک، 2021، 10-14)، ئەو سەرچاوانەی لە ئەم کتێبەدا هاتوون.

[8]- چاوپێکەوتنی تایبەت: لەگەڵ (رەسول، 2026)، کە دەڵێت: لە رووی یاساوە، لە ئاخاتن‌و نووسین لە تورەکۆمەڵیەتییەکاندا، کە ئەگەر خراپ بەکار هات/ نووسینی ناباش‌و سوکایەتییو...هتد، بە پێی مادەی (2) موبایل کەسەکە تۆمەتبار دەبێت، ئەگەر سکاڵای لێبکەین، لە بەرئەوە ناوی کەسەکانمان دانەناوە.

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

– [9] تابۆ، هەندێک وشەی فەرهەنگین (بۆ نموونە: کونەویل) واتایی قەدەغەکراویان هەیە، هەندێکی تریش لە تابۆ لە پەیوەندی نێوان واتایی وشەکانو دەربڕاوەکاندا، زیادتر لە وشەیەک دروستدەبێت، ئەم جۆرە دەربڕینانە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا بە (تابۆ) ناونراون، بۆ زانیاریی زیادتر بڕوانە: (فەرەج، 2013، 123-143)، بە وردی باسی ئەم بابەتانەی کردووە.

[10]– بۆ شیکردنەوەی کۆمێنتەکان سوود لە لایەنی تیۆریی لە جیمینایی وەرگیراوە، بۆ زانیاریی زیادتر بڕوانە: (Google Gimina:2026) (وەشانی ٣ فلاش). [زیرەکی دەستکرد]. وەرگیراوە, لە ڕێکەوتی ٦ی ئازاری).